# کودەتای (ثور)ی (٢٧ی نیسانی ١٩٧٨) لە ئەفغانستان
# توێژینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە

**هاوار كمال میرزا عبدالله[١]**

[١]بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: Hawar.mirza@univsul.edu.iq

## ملخص:

انقلاب ثور (٢٧ أبريل ١٩٧٨) في أفغانستان

دراسة في التاريخ السياسي

ان انقلاب ثور قد وقع عام(١٩٧٨) من قبل حزب الخلق الديموقراطي (PDPA)، ووقع هذا الانقلاب ضد محمد داوود خان(١٩٧٣-١٩٧٨)، بحيث اصبح نقطة تحول في التاريخ الافغاني، مما ادى إلى حدوث ازمة سياسية واقتصادية وثقافية، وعلى المستوى الخارجي فالذي فجر القضية هو تعلق حزب الخلق الديموقراطي بالسوفيت و مهد ذلك الطريق للقوات السوفيتية للهجوم على افغانستان. ان سبب اختياري لهذا البحث هو أهمية وحساسية انقلاب ثور ومما ترتب عنه من نتائج وآثار، بذلك الحالة السياسية لافغانستان وكيف إستطاع حزب الخلق الديموقراطي إنهاء سلطة محمد داوود خان ؟. وكيف كان رد فعل ونتائج هذا الانقلاب وكيف كان سبباً في حصول عدم الرضاء الداخلي بسبب القمع ومحاولة تغيير النظام أو الثقافة السياسية من قيل الشيوعيين، والذي مهد الطريقللهجوم على افغانستان من قبل السوفيت ؟.

استعنت في دراسة هذا البحث بالمنهج التاريخي والتحليلي لدراسة انقلاب ثور واظهارنتائجهٌ وآثار الدولية على افغانستان. ويتوزع البحث على مقدمة واربعة مطالب. يتعلق المطلب الاول باعطاء نبذة تأريخية حول وضع افغانستان قبل انقلاب ثور (١٩٧٨)، أما المطلب الثاني فقد تم تخصيصه للتحدث عن ظروف وعوامل ووقوع الانقلاب، أما المطلب الثالث فقد تطرقت فيه إلى كيفية حدوث ووقوع الانقلاب ورد الفعل العالمي تجاهه، والمطلب الأخير من هذه الدراسة سلط فيه الضوء على النتائج التي ترتبت على انقلاب ثور وآثاره على افغانستان، وفي ختام الدراسة تم التطرق إلى ابرز الاستنتاجات التي توصلت اليها خلال هذه الدراسة.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١٢/٢١ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٢/١٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Hawar.mirza@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ د.هاوار کمال میرزا عبدالله،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract:

The Saur Coup (27 April 1978) in Afghanistan

A Study of Political History

The Saur Coup had occured in 1978 and was done by the Khaq Democratic Party (PDPA). This Coup happened against Muhammad Dawood Khan (1973-1978).It became a turning point in the Afghan History and resulted in a Political, Economic and Cultural Crisis. On the external level, what outbroke the case was the relation of Khaq Democratic Party with Soviet Union, the fact that power the road to Soviet armed Forces to attack Afghanistan. The reason that motivated me to choose this subject is the importance and sensitivity of Thor Coup and its corrolaries and impact, at that time in Afghanistan and how the Khaq Democratic Party managed to bring to an end the Power of Muhammad Dawood Khan. In addition to that it is important to focus on how were the reactions and outcomes of this Coup and how it led to Social unrest and turmoil internally due to the suppression, associated with attempt to change the ruling system and Political Culture by the Communists, Which helped the Soviet to attack Afghanistan.

We, in the current study, conducted the analytica and Historical Methodology, to study the Saur Coup and to make clear its international effects on Afghanistan. The research is comprised of an introduction and four Chapters. The first Chapter is concerned with a general overview on the Pre-Saur Coup 1978 Afghanistan conditions. The second Chapter is related to the factors and surrounding condition that pawed to the Coup. The third chapter is Dedicated to how this this Coup occurred and universal reactions on it. At the Fourth chapter, was had the light on the outcomes the coup brought in to being, and its effects on Afganistan. Finally we summed up the study by the finding we have concluded.


## پێشەكی:

كودەتای ثور لە ساڵی ١٩٧٨ لە لایەن حیزبی دیموكراتی خەلقی ئەفغانستان (PDPA)وە دژی ڕژێمی محمد داوود خان (١٩٧٣-١٩٧٨) ئەنجامدرا. ئەو كودەتایەی بووە خاڵێكی وەرچەرخان نەك تەنیا لە مێژووی ئەفغانستان و ناوچەكەدا. لەبەرئەو بارودۆخە هەستیارەو ئەو ئەنجامە  گرنگانەی ئەم كودەتایە بەدوای خۆیدا هێنای، دۆخێكی هێنایە كایەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ بووە هۆی قەیرانێكی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی، هەروەها توندڕەوی لە فەرمانڕەوایی كردن و سەركوتكاریی سیاسییە نەیارەكان و سیخناخكردنی گرتووخانەكان بوو بە نەیاران بە تاوانی جیاجیای وەك بیروباوەڕی سیاسی و ئەندام بوون لە پارتە سیاسییەكانی دیكەدا. لەسەر ئاستی دەرەكی ئەوەی بارودۆخەكەی تەقاندەوە وابەستەبوونی حیزبی دیموكراتی خەلق بوو بە سۆڤێتەوەو ڕێگەخۆشكردن بۆ لەشكركێشی هێزی سۆڤێت بۆ سەر ئەفغانستان.

هۆكاری هەڵبژارنی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و هەستیاری كودەتای ثور و ئەو لێكەوتانەی لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەفغانستان و هەرێمی و نێودەوڵەتی لە ناوچەكە بە ئێستاشەوە، جێیهێشت. گرنگی ئەم بابەتە لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، زەمینەسازیی بارودۆخی نێوخۆی ئەفغانستان و هۆكارەكانی كودەتا چۆن ڕێگەی خۆشكرد پارتێكی كۆمۆنیست لە وڵاتێكی ئیسلامی سوننەتیدا دەسەڵات بگرێتە دەست.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

سەبارەت بە پرسیاری توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە: ئایا ڕەوشی سیاسی ئەفغانستان و هۆکارەکانی زیادبوونی ناڕەزایی و سەرکوتکردن چۆن بارودۆخێکە هێنایەکایەوە و حیزبی دیموکراتی خەلق توانی وەك دەرفەت بیقۆزێتەوەوکۆتایی بە دەسەڵاتی محەمەد داوود خان بهێنێت؟ کاردانەوە و دەرئەنجامەکانی کودەتا چی بوون و چۆن شەپۆلێك لە ناڕەزایی ناوخۆیی بە دوای خۆیداهێنا لە ئەنجامی هەوڵدان بۆ گۆڕینی فەرهەنگی سیاسی و سوننەتی لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە، کە ئەمە ڕێگەی خۆشکرد بۆ پەلاماردانی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤێتەوە؟.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە میتۆدێکی مێژوویی و شیکاریانە بۆ کودەتای ثورو لێکەوتە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی لەسەر ئەفغانستان پەیڕەوی لێبکرێت. هەرچی پێکهاتەی توێژینەوەکەیە، ئەوە لە پێشەکییەك و چوار تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە خستنەڕووی پوختەیەکی مێژوویی بارودۆخی ئەفغانستان لە پێش کودەتای (ثور)ی ١٩٧٨؛ هەرچی تەوەرەی دووەمە تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر هەلومەرج و هۆکارەکانی ڕوودانی کودەتاو لە تەوەورەی سێیەمیشدا باس لە چۆنێتی ئەنجامدانی پرۆسەی کودەتاکەو کاردانەوە جیهانییەکان لە هەمبەر ئەو کودەتایە کراوە؛ کۆتا تەوەرەش تیشکی خستۆتە سەر ئەنجامەکانی کودەتای ثور و گاریگەرییەکانی لەسەر ئەفغانستان. لە کۆتاییشدا بە پوختی ئەنجامەکان باسکراون.

لە دیارترین ئەو سەرچاوانەی سودیان لێبینراوە، (ظاهر طنین: افغانستان در قرن بیستم(١٩٠٠-١٩٩٦)، کە زنجیرەیەك بەرنامەی بەشی فارسی ڕادیۆی(BBC) بوو کۆکرایەوەو چاپکرا. لەم کتێبەدا دیدگاو گێڕانەوەی زیاتر لە سەد مێژوونوس و بینەری ڕووداوەکانی ئەو قۆناغەی ئەفغانستان خراوەتەڕوو، کە بایەخێکی باشی بۆ توێژینەوەکە هەبوو، هەروەها کتێبی (د.سید علی موسوی (سنگلاخی) ) بە ناونیشانی ( تاریخ تحلیلی افغانستان از ظاهرشاه تا کرزی)، کە لە (کابول) بڵاوکراوەتەوە، کتبێکی مێژوویی بە زمانێکی سادە بە سوودوەرگرتن لە چەند سەرچاوەی گرنگ ڕووداوەکانی ئەفغانستانی تۆمارکردووە و جێگەی لە توێژینەوەکەدا دیارە، پاشان (آنتونیو جیوستوزی: افغانستان; جنگ، سیاست و جامعه(١٣٥-١٣٧١)، کە لەلایەن (اسدالله شفایی) لە زمانی ئینگلیزییەوە وەگێڕدراوە و لە کودەتای (ثور)ەوە تا بەدەسەڵات گەیشتنی موجاهیدان مێژووی ئەفغانستانی تۆمارکردووە و بە شێوازێکی بێلایەنانە و ئەکادیمی و یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، هەروەها (Diego Cordovez and Selig S. Harrison: Out of Afghanistan_ The Inside Story of the Soviet Withdrawa) ، کە (Diego Cordovez) نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بۆ کاروباری ئەفغانستان لەو قۆناغەداو ئاگاداری وردی ڕووداوەکان بوو، جگە لەمە(Selig S. Harrison)، لێکۆڵەری ئەکادیمی کاروباری ئاسیابووەو گفتوگۆی لەگەڵ زۆر سەرکردەی گەورەی گۆڕەپانی ناوچەکە ئەنجامداوە، هەربۆیە زانیارییەکانی سودی زۆری بۆ ئەم توێژینەوەیە هەبوو، لەگەڵ زۆر سەرچاوەی تری فارسی و ئینگلیزی توێژینەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

## تەوەرەی یەکەم: پوختەیەکی مێژوویی بارودۆخی ئەفغانستان لە پێش کودەتای (ثور)ی ٨٧٩١:

مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانرێت وەك زنجیرێکی بێ کۆتایی لە پیلانگێڕیو پێکداهەڵپژان و ڕووبەڕووبوونەوە وێنابکرێت. ئەفغانستانیش لە چەند دەیەی پێش هێرشی سۆڤێت بۆ سەر ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٧٩دا، لەم ڕێسای بەدەر نەبوو (گروموف: بدون سال چاپ،٣). ئەمە ڕیشەیەکی مێژوویی هەبوو بە تایبەتی لە سەدەی(١٩ز)وە تا سەربەخۆیی، ئەفغانستان ببووە گۆڕەپانێکی ململانێی نێوخۆییو دەرەکی بەتایبەتی لە نێوان ڕوسیاو بەریتانیادا(ربنتیا: ١٣٣٦). ئەم ململانێیە لە هەندێک جار گەیشتۆتە پێکدادان. هەتا جەنگی دووەمی جیهانی ئەفغانستان گۆڕەپانێکی پرکێشەبوو لە نێوان ململانێی ناوخۆیی لەلایەک و ململانێی سۆڤێت و بەریتانیا لەلایەکی ترەوە. لە قۆناغی دوای جەنگیش ململانێ لەسەر ئەفغانستان گواسترایەوە بۆ نێوان سۆڤێت و ئەمریکا(صالح: ٢٠١٩، ١٢٢-،٢٨؛ احمدی:١٣٨٩، ١١-٣٥). تێبینی دەکەین لە کۆتاییەکانی سەڵتەنەتی محەمەد زاهیرشا (١٩٣٣-١٩٧٣)دا ترسو بیم بە ئاڕاستەیەك بوو، کە بارودۆخی ئەفغانستان بەرەوخراپی دەچوو(اخوان: ١٣٨٠، ١٢١). لەو قۆناغەدا ململانێ لە نێوان ڕەوتی ئیسلامی و کۆمۆنیستەکان، تادەهات بارودۆخی ناوخۆیی ئەفغانستانی بەرەوناساقامگیری و ئاڵۆزی دەبرد(صالح: ٢٠١٩، ٢٧). بۆ نموونە، بانگەشەی خۆپیشاندان و بەیاننامەی زانایانی ئاینی لە

بێدادی و نایەکسانی بێ سنوری زاهیرشا بە نموونە، لە مزگەوتی گەورەی(جامع پل خشتی) کابول هەر ڕۆژێك بلندتردەبوو، لە ڕاستیدا بە زۆری ڕم و زنجیر ڕژێمی پاشایەتی، زیندانێکی بێدەنگی لە ئەفغانستان سازکردبوو(قندهاری: ١٣٦٢، ٣٥). هەرچەندە خودی زاهیر شا ئەم ڕاستییەی دەزانی، بەڵام بە قسەی خۆی:»من گومانم نەدەکرد کودەتا ڕووبدات»(اخوان: ١٣٨٠، ١٢١). هەرچۆن بێت لە کاتێکدا محەمەد زاهیر شا لە ئیتالیابوو بۆ نەشتەرگەری چاوی(تدینی: ١٨ شهریور ١٣٩٩)، بارودۆخ سەریکێشا بۆ ئەوەی، کە سەردار محەمەد داوودخان لە (١٧ی تەمموزی ١٩٧٣) کودەتایەکی سپی سەرکەوتوی ئەنجامدا، لە نیوەی شەوی (١٦ لەسەر ١٧ تەمووز) پێکدادان دەستیپێکردو تا سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر، ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی سەڵتەنەتی دەستگیرکران. لە ئەنجامدا کودەتایەکی سپی سەرکەوتو سەرلەبەیانی لە ١٧ی تەمووز محەمەد داوودخان کۆنترۆڵی بارودۆخی کرد(عظیمی: ١٣٧٦، ٧٨-٩٦) و بەیاننامەیەکی لە ڕادیۆوە بڵاوکردەوەو وێڕای ئاماژەکردن بە هەوڵدان بۆ خزمەتکردنی گەلی ئەفغانستان وتی:»بۆ خۆشبەختی ئایندەی نیشتیمانی خۆم، جگە لە هێنانەئارای دیموکراسییەکی واقیعیو گونجاو، کە بنەماکەی لە خزمەتکردنی زۆرینەی خەڵکی ئەفغانستان دامەزرابێت، ڕێگەیەکی ترمان نییە»(اخوان: ١٣٨٠، ١٢٢-١٢٣).

کاتێك سەردار محەمەد داوودخان لە ( ١٧ی تەمموزی ١٩٧٣) لە دەسپێکی دەسەڵاتیدا کاریکرد بۆ ئەوەی سیستمی حوکمڕانی بە وتەی خۆی:» لە سیستمی پادشایەتییەوە بۆ سیستمی کۆماریی گۆڕیی، بەو پێیەی لەگەڵ ڕۆحی ڕاستەقینەی ئیسلامدا دەگونجێت» (Khalid:١٩٨٦-١٧٩,٨٧). تێبینی دەکەین داوود خان هەر لە سەرەتاوە ئارەزووی مۆدێرنیزەکردنی ئەفغانستانی لە مێشکدابوو. پلانی خۆی بە سەرنگونکردنی زاهیرشاو چاوخشاندنەوە بە یاسای بنەڕەتی دەوڵەت ڕاگەیاند، کە خوازیاری ئەوەبوو دەوڵەت بە ئیرادەی خەڵك بێت (دیموکراسی)، هەروەها دروستکردنی (پەشتونستان)، کە پەشتونەکانی هەردوو سنوری پاکستانو ئەفغانستان بگرێتەوە. لەلایەکی ترەوە، داوودخان چاکسازییە دیموکراتییەکانی خۆی لە سیستمێکی تاکپارتی گرتەبەر، کە دژی بنەماکانی دیموکراسی و خولیاکانی خودی داوودخان بوو، لە ڕاستیدا داوودخان تەواوی دەسەڵاتەکانی لەدەستی خۆیدا کۆکردبووەوە، لەبەرئەوە سەردەمی داوودخان، بە باڵادەستی سیستمێکی سیاسی عەوامگەرا ناسراوە(نشاط و دیگران: ١٣٩٦، ٢٥).

## تەوەری دووەم: هۆکارەکانی کودەتای (ثور)ی ٨٧٩١:

بارودۆخی ئەفغانستان ساڵێك پێش کودەتا بەتایبەتی شایانی سەرنجدانە. لەو کاتە دا داوودخان کەوتبووە جۆرێك لە دوورەپەرێزیی. کۆنترۆڵی وردی داوودخان هاوشێوەی سروشتی ژیانی دیکتاتۆرەکان، هەتا لە کاروبارە بچوکەکانیشدا لای ڕاوێژکارە نزیکەکانی خۆیشی جێگای نیگەرانی بوو. لەڕاستیدا ئەو ژیانێکی سادەی هەبوو، بەڵام کەسانی گەندەڵو خاوەن بەرژەوەندی لە ناو حکومەتەکەی، مانەوەی ڕژێمەکەی داوودخانی خستبووە ژێر پرسیارەوە(Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٢). هەروەك ئەم جۆرە لە وێناکردن بۆ کەسایەتی داوودخان لەنێو گەلی ئەفغانیستانیشدا تەشەنەی سەندبوو، لەبەرئەم هۆکارانە لە نێو خەڵکی ئەفغانستاندا خۆشەویست نەبوو(روا: ١٣٦٩، ١٥١). بە هاتنە سەرکاری سیستمی کۆماریی، سیستمێکی نوێی ئابووری خرایەکارو دەوڵەتی ئەفغانستان بابەتی فراوانکردنو پەرەپێدانی ئابووری وڵاتی بە کارە لەپێشینەکانی بابەتە نیشتیمانییەکان دانا. هەربۆیە گۆڕانکاریی بەرچاو لە سێکتەری کشتوکاڵ، پیشەسازیی، دراو و بانك، بازرگانی و خۆشگوزەرانی گشتی هاتە کایەوە. لەم ڕووەوە گەشەی ئابووری خێراتر بوو، هەروەها قەبارەی سەرمایەگوزاریی بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەند. ئەمە جگە لە جێگیربوونی داراییو نرخی دراو، ئەم بارودۆخە سەری کێشا بۆ (پلانێکی حەوت ساڵە) لە (١٩٧٦-١٩٨٣) بە بەهای (٢٠٧) ملیار ئەفغانی(پارەیە)، بە لەبەرچاوگرتنی پلانێکی تۆکمەی فرەڕەهەند، وەك: خێراترکردنی گەشەکردنی ئابووری بە مەبەستی باشترکردنی ئاستی ژیانی خەڵك و قەرەبووکردنەوەی داهات، بەرزکردنەوەی ئاستی بەکاربردن، هێنانەکایەی هەلومەرجی بنەڕەتی بۆ دامەزراندنی پیشەسازی پێشکەوتوو، بەرەوپێشبردنی بەرهەمهێنان، زیادکردنی داهات، سەرمایەگوزاریی، چاکسازی کشتوکاڵیو دابەشکردنی داهات بە شێوەیەکی یەکسان، بە کورتی بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتیمانی بە ئامانجی دابینکردنی ئابووری سەربەخۆ، بەڵام تیرۆرکردنی وەزیری پلانی ئەوکات(ئەحمەد خرم) لە ١٩٧٧و کودەتای ثور، ئامانجە پێشبینیکراوەکانی ئەنجامی دڵخۆشکەری تەنیا لە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١٩٧٧دا، هەبوو هەروەك چۆن سێ پلانی پێنج ساڵی لە پێش كودەتای ١٩٧٣وە بەرهەمێكی ئەوتۆی نەبوو، ئەم پلانەش ئامانجەكەی بەدی نەهات(احمدی: ٢٣٩١ ،١٥-١٦)، بگرە بەسەرنجدان لە بارودۆخی ئابووریی، هەڵكشانی نرخ بۆ زیاتر لە(٢٠٪) بەرزببووەوە، نارەزایەتی لە نێوان كرێكارانو كاربەدەستەكانیان فراوان ببوو. نموونەیەكی دیكە ئەوەبوو، كۆمەڵەی بازرگانانی كابول باوەڕی بە دەوڵەت لەدەستدابوو، بەم جۆرە ڕیشەی سەرمایەگوزاریی تایبەتی لە دۆخی وشكبوون و سڕبوونەوەدا بوو (Cordovez and Harrison: ١٩٩٥, ٢٢) واتە ئەو گەشە ئابوورییەی سەرەتای دەسەڵاتی داوود خان زۆری نەخایاند و بارودۆخێكی دژواری ئابووری لە ئەفغانستان هاتەكایەوە. ئیدی وردەوردە نیگەرانییەكان بەرامبەر بە ئاكام نەگەیشتنی چاكسازییەكانی داوودخان، فراوانتربوونو لەئاكامدا بووە هۆی گەشەكردنی پارتە كۆمۆنیستییەكانی ئەفغانستان (Jackson:٢٠٠٩,٧)، لەبەرئەوە داوود خان شكستیهێنا لە نوێكردنەوەی ئەفغانستان (No Author:١٢ April,٢٠٠٤). دەرئەنجامیش وەلانان و لەگۆڕنانی تەواوی هەنگاوە چاكسازییەكان بوو لە ڕێگەی كودەتایەكەوە.

داوودخان سیاسیانە لەگەڵ ڕەوتی چەپ جولایەوە دوای كودەتا، بۆ پەرتكردنیان هەرچەندە هەردوو باڵی پەرچەمو خەلق پشتیوانییان لە كودەتا كرد، كەچی پەرچەم بەشداری لە حكومەت كرد، بەڵام باڵی خەلق داوای خستەبەردەم داوودخان بۆ بەشداریكردن، كەچی داواكەی ڕەتكرایەوە(No Author:١٢ April,٢٠٠٤). ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، كە خەلقی یەكان لەڕووی زمانەوە زیاتر پەشتون بوونو لە سوپادا هەژموونیان هەبوو، بەڵام لە پێكهاتەی دامەزراوە مەدەنییەكانی حكومەتدا دووربوون. خەلقی یەكان كۆمۆنیستی حەماسیو توندو ئینقیلابی تۆخ بوون. لە كاتێكدا باڵی پەرچەم سەر بە نەتەوەكانی تربوونو لە ئیدارەی دەوڵەتدا نزیكتربوون لە داودخان. پەرچەمی یەكان میانڕەو و زیاتر لایەنگریی سازش‌كردن و ڕێكەوتن بوون وەك لەوەی توندو ئینقیلابی بن(Cordovez and Harrison:١٩٩٥,١٨ ؛ سنگلاخی: ١٣٨٨، ١٠٨-١٠٩). ئەم دابەشبوونە لە دوای كودەتاش بەڕوونی ڕەنگیدایەوەو لێكترازانی گەیاندە سڕینەوەی یەكتر لە نێوان هەردوو ڕەوتەكەدا. لەڕاستیدا ئەم نیمچە نەرمی نواندنەی حكومەتەكەی داوودخان وادەرەكەوت تاكتیكی بێت، چونكە سەرەڕای ڕەخنەی ڕوولەزیادبوونی ڕژێمەكەی داوودخان، بەڵام ناوبراو پلە بەپلە پایەكانی حكومەتی لەنێو دەستەیەكی موحافیزكاری كابینەكەیو بازنەیەكی بچوكی میلیتاریستە وەفادارەكانی خۆی سنوردارکرد. ئەوانە كینەتۆزو ڕق لەدڵ بوون بەرامبەر كۆمۆنیستەكانو بە هەڕەشەیان لەسەر دەوڵەت دادەنانو بە توندیی كاریان بۆ سڕینەوەی ڕەهای كۆمۆنیستەكان كرد لە پلەو پێگەكانی نێو دامەزراوەكانی حكومڕانیدا. لەسەروی ئەوانەوە، عەبدولقەدیر نورستانی، وەزیری ناوخۆو غولام حەیدەر ڕەسولی، وەزیری بەرگریی، دەهاتن(Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٣).

لە بارودۆخی سەركوتی كۆمۆنیستەكان كوشتنی میر ئەكبەر خەیبەر لە ( ٧ی نیسانی ١٩٧٨ ) دا، كە بەرپرسی سەربازیی باڵی پەرچەم بوو لە نێو حیزبی دیموكراتی خەلق و لە هەمان كاتدا ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو، یەكێك لە ڕوداوە دیارەكانی هاندەربوون بۆ كودەتا. غافڵكۆژكردنی خەیبەر درایە پاڵ پارتی ئیسلامی و هەروەها عەبدولقەدیر نورستنانی، وەزیری ناوخۆ. بەشێكیش بە ململانێیەكی ناوخۆیی كۆمۆنیستەكانی دەزانن لەسەر ڕێبەری ڕەوتی چەپ لە ئەفغانستانو لەم ڕووەوە حەفیزوڵڵا ئەمین بە تاوانبار دەزانن، چونكە خەیبەر دامەزرێنەری بنەڕەتی پەرچەمییەكان بوو. هەرچۆنێك بێت كوشتنی خەیبەر شۆڕشێكی فراوانی لایەنگرانی چەپی لێكەوتەوە. زیاتر لە (١٥) هەزار كەس لە مەراسیمی ناشتنیدا بەشداربوونو خۆپیشاندانیان ئەنجامداو دروشمی دژی حكومەتی داووخانیان بەرزكردبووەوە، لێرە بەدواوە، لە شەوی ( ٢٥ی نیسان ) پۆلیس، نور محەمەد ترەكی، بابرەك كارمل و ژمارەیەك لە ئەندامانی تری مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی خەلق دەستگیركرد(Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٣)، كە هەریەك لە: (دكتور شاوەلی، عەبدولحەكیم شەرعی جوزجانی، غلام دستگیر پەنجشیری، سیلیمان لایەق، محەمەد حسن بارق شەفیعی، محەمەد حسن زەمیر سافیو حەفیزوڵڵا ئەمین)یش لە ماڵەكەی خۆی، دەستبەسەركرابوو(رادیو آزادی آفغانستان: ٧ ثور ١٣٩٨)، كە لە مەراسیمی بە خاكسپاردنی خەیبەر وتاریان دابوو. ئەوان تاوانباربوون بە بەدگۆیی سەبارەت بە ئیسلامو لایەنگریی لە توندوتیژی(Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٣). نەك هەر كۆمۆنیستەكان بگرە لەسەر ئاستی ناوخۆ ڕژێمی داوودخان لە ئەنجامی دەستەبەندیی ڕەوتە سیاسییەكان، ئەفغانستان بە قۆناغی فەسادو بێ سەروبەریی خۆیدا تێدەپەڕی. گروپە سیاسییە نیهێنییەكانی وەك لایەنگرانی محەمەد هاشم خان میوندوال، سەدری ئەعزەم(سەرۆك وەزیران)ی پێشتری ئەفغانستان كە

ناسرابوون بە گروپی( مساوات-یەکسانی یان پارتی سوسیالی مترق ئەفغانستان-پارتی سۆسیالیستی پێشکەوتوی ئەفغانستان)، هەروەها موریدانو پەیڕەوانی مەولانا عەتائوڵلا فەیزیانیو لایەنگرانی جەنەڕاڵ میر ئەحمەدشاه گردیزی، کە لە ڕێکخراوی نهێنی بە ناوی (پارتی تەوحید) خڕ ببونەوە، هەموو ئەوانە یەك لە دوای یەك بە تاوانی کودەتا دژی داوود خان لە سێدارەدران یان زیندانیی کران(حقجو: ١٣٨٠ ،٨١). ئەم سەرکوتکارییە کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر جوڵەی نەیارانی داوودخان بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکەی.

یەکێك لە فاکتەرە کاریگەرەکانی کودەتای ثور پەیوەندی لەگەڵ سۆڤێت بوو، چونکە لە سەرەتاکانی ١٩٧٨دا، کرملین نیگەران بوو. پێی وابوو، هەڵمەتەکانی داوودخان دژی پارتی گەلی دیموکراتی ئەفغانستان(PDPA)، ئاماژەبن بۆ لاوازبوونو دوورکەوتنەوەی لە مۆسکۆ. دەزگای (KGB) گەیشتە ئەو باوەڕەی دەسەڵاتی داوودخان زیاتر نزیکدەبێتەوە لە پاکستان و ئەمریکا (Fenzel:٢٠١٣,٤٢). بە تایبەتی نزیکبوونەوەی نێوان ئەفانستانو ئەمریکا لە ١٩٧٧وە گەیشتە ئاستێکی زۆر باڵا. هاریکاریی هەردوو وڵات بۆ بازرگانی ماددەی هۆشبەرو پێشوازیکردنی داوودخان لە بانگێشتنامەی (جیمی کارتەر)ی سەرۆکی ئەمریکا (١٩٧٧-١٩٨١)، بۆ سەردانی ئەو وڵاتە لە هاوینی ١٩٧٨دا، هەروەها دابینکردنی دارایی ڕاهێنانی ئەفسەرانی ئەفغانستان لە ئەمریکا بۆ دووبەرابەرو لە بەرامبەردا لاوازکردنی ڕۆڵی سۆڤێت لەوبارەیەوە ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە جوڵەی سۆڤێت بۆ شکستپێهێنانی حکومەتێکی لایەنگری ڕۆژئاوا لە ئەفغانستان، چونکە چەند ڕۆژێکی کەم پێش کودەتای ثور لە سەردانێکی داوودخان بۆ مۆسکۆ، برژنیف هۆشداری دابووە داوودخان لەبارەی دورەپەرێزخستنی لایەنگرانی سۆڤێت لە حکومەتەکەیو جەختیکردەوە لەوەی، جگە لە سۆڤێت ڕوو لە هیچ وڵاتێك نەنێت. داوودخان بە ساردی وتبووی:» ئەفغانستان وڵاتێکی تەواو سەربەخۆیەو ئەگەر ڕۆژێك بیەوێت چاو لە هاوکاریی وڵاتانی دەرەکی بپۆشێت، ئەو بڕیارە تەواوی وڵاتان دەگرێتەوە» (حقجو: ١٣٨٠ ،٧٩-٨٠). لەم دیدگایەوە سۆڤێت پێ هیوابوو لەوەی مەترسی بوونی ڕژێمێکی دەستنیشاندەی ڕۆژئاوا لە ئەفغانستان پوچ بکاتەوە مەگەر لە ڕێگەی کودەتاوە نەبێت، کە یەکێك بوو لە بژاردەکانی سەر مێزی بڕیار بەدەستانی کرملین، لەبەرئەوە دەزگای سیخوڕی سۆڤێت پشتیوانی لە سوپای ئەفغانستان کرد بۆ ئەنجامدانی کودەتا و ڕێگرتن لە باڵادەستبوونی هەژمونی ڕۆژئاوا لە ئەفغانستان(No Author:١٢ April,٢٠٠٤).

بە ئاشکرا تێبینی دەکەین کەمتەرخەمی سوپا بە گشتی و فەرماندەو کاربەدەستەباڵاکانی سوپا بە تایبەتی لە ئاستی پێویستدا نەبوون بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی ئەفغانستان، تەنانەت خودی غولام حەیدەر ڕەسولی، وەزیری بەرگریی دوای دەستگیرکردنی نور محەمەد ترەکی و بابرەك کامل، لە جیاتی ئامادەگی تەواو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پێشهاتێك بە بۆنەی ڕەشبگیریی نەیارانی کۆمۆنیستەوەکانەوە (سنگلاخی: ١٣٨٨ ،١٠٥-١٠٦)، ڕەسولی لە ڕۆژی پێش کودەتادا سەرقاڵی ڕێکخستنی ئاهەنگو میوزیك بوو بە بۆنەی زیندانیکردنی خائینانی دەوڵەتی ئەفغانستان واتە کۆمۆنیستەکان، بەم هۆکارە ئەو ڕۆژەی بە جێژنی گەورەی نیشتیمانی لە قەڵەمدا و بە ئاسوودەیيو لەخۆبایی بوونەوە خەوت. سەرەڕای ئەوەی ئەوەی جەنەڕاڵ جان نسار خان، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی سوپاو کەسی نزیکی ڕەسولی ئەوە دووپاتدەکاتەوە هۆشداریی داوەتە ڕەسولی دەربارەی چالاکی گوماناویو گێرەشێوێنی ئەمینو داوای لە ڕەسولی کردووە نەهێڵێت فیرقەی چواری زرێپۆش لە بنکەکەی دەرچێت، بەڵام ڕەسولی داواو هۆشدارییەکەی جان نسارخانی ڕەتکردەوەو بە گاڵتەئامێزانە داوای لە جان نسار خان کرد، مێشکی خۆی هێمن بکاتەوەو ئارام بێت(عظیمی:١٣٧٦، ١٣٥).

بە پێچەوانەی تێڕوانینی ڕەسولی یەوە، کۆمۆنیستەکان چەندین مانگ بوو سەرقاڵی ئامادەگی بوون بۆ کودەتا، بۆ نموونە، کۆلونێل محەمەد گلاب زوی لە هێزی ئاسمانی، کە یەکێك لە ئەندامانی کودەتابوو ئاماژە بەوە کردووە، کە یەك ساڵ پێش کودەتا، هەموو لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی خەلق کۆبوونەتەوەو ڕێکەوتوون هەرکات ڕابەرانی حیزب گرفتاربوون پێویستە هەموویان پێکەوە ڕاپەڕن. لەسەر ئەو بنەمایە ڕۆژی پێش کودەتا هەموو ئەندامانی حیزب لە سوپادا ئاگادارکرابوونەوە ئامادەبن بۆ جەنگی یەکلاکەرەوە دژی داوودخان (عظیمی:١٣٧٦، ١٣٩). هەربۆیە ڕەشبگیری سەرکردەو ئەندامەدیارەکانی پارتی دیموکراتی خەلقی ئەفغانستانیو گرتنەدەستی ڕێبەری لەلایەن حەفیزوڵلا ئەمینەوە، ڕوودانی کودەتای خێراترکرد (سنگلاخی: ١٣٨٨ ،١٠٦) و پێشیخست، بەتایبەت دوای ئەوەی پڕووپاگەندەی ئەوە بڵاوببووەوە، کە دوو ڕۆژی دیکە کابینەی حکومەت کۆدەبێتەوەو بڕیاری لە سێدارەدانی ڕێبەرەباڵاکانی کۆمۆنیستەکان دەردەکات. ئەمە لە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کاتێکدابوو، کە حکومەتی داوودخان هەڵەی گەورەی کرد لەوەی  نور محەمەد ترەکی و بابرەك کارمل و ئەندامەکانی تری دەستگیرکرد، بەڵام ئەفسەرانی ڕیزی سوپای کە لایەنگیری کۆمۆنیست بوون، پشتگوێخستن و ئازادبوون. بە تایبەتی حەفیزوڵلا ئەمین تەنها لە ماڵەکەی خۆی دەستبەسەربوو، ئەمەش دواتر دەرکەوت هەڵەیەکی قەرەبوو نەکراوەبوو (Cordovez and Harrison:٢٤,١٩٩٥). بەهۆی ئەوەوە لە شەوی پێش کودەتادا ئەمین سەرەڕای ئەوەی لە ماڵەکەی خۆی دەستبەسەر بوو لە کابول، بەڵام لێهاتوانە سەرقاڵی فەرماندەکانی سوپای بە ئاهەنگگێڕانەوە قۆستەوەو توانی پلانی کودەتا لەڕێگەی هاوڕێیەکییەوە بەناوی محەمەد گلاب زوی، بگەیەنێتەدەست ئەفسەرانی خەلقی لەڕیزی سوپادا. ئەمە لەکاتێکدابوو ڕەسولی ئەوەندە مەستو بێ ئاگا بوو، هێرشی کودەتاچیان کۆچەو کۆڵانەکانی کابولی پایتەختی تەنیبوو، کەچی هیچ ئاگای لە بارودۆخ نەبوو. سوپای کودەتاچیان نزیکی کۆشك ببوونەوە، ڕەسولی هێشتا بێ ئاگابوو لە کودەتا، هەربۆیە تێبینی دەکەین لە ڕیزی یەکەمینی قوربانییەکان خودی وەزیری بەرگری بوو(سنگلاخی: ١٣٨٨، ١٠٦). لەکاتێکدا هێزی کودەتاچیان بەبەراورد بە هێزی بەردەستی ڕەسولی، دوازدە جار کەمتربوو(عظیمی: ١٣٧٦، ١٣١-١٣٢).

بنکەی چینی پارتی خەلقی ئەفغانستانی بەشێك بوو بە دەستەبژێری فەرمانڕەواو ڕۆشنبیران، کە پشتی پێبەستن بۆ نوێکردنەوەی ئەفغانستان لەسەر شێوەی سۆڤێتی، ئەمانە هێزێکی چالاك بوون لەکودەتای ثوردا (No Author:١٢ April,٢٠٠٤). بە بڕوای  زۆرێك لە ڕێبەرانی سیاسی ئەفغانستان لە بنەماڵەی دەوڵەمەندبوون و لە ژیانی خۆشگوزەراندا دەژیان. ژمارەیەکی زۆر لەوان یەك زانکۆیان تەواوکردبوو، لە منداڵییەوە یەکتریان دەناسی. هەربۆیە لە ململانێیەکی بێ ئاماندابوونو لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵاتدا بەسەر ڕەوتی جیاجیای پەرتو ناکۆکدا دابەشببوون. بە نموونە، باڵی نور محەمەد ترەکی لە پارتی خەلق، دوای گەیشتن بە دەسەڵات نیگەران بوونو لە دوو بەرەوە لە شەڕدابوون، لەلایەکەوە لە نێو ڕکەبەرەکانیان لەنێو هەمان حیزبداو لەلایەکی ترەوە، سەرنگونکردنی حکومەتی شۆڕشگێڕیی دوای کودەتا لەلایەن نەیارانیانەوە بۆ ئەوان قبوڵنەکراوبوو. تێبینی دەکەین، لە (بەهاری ١٩٧٩) دا بارودۆخەکە بە تەواوی ڕۆشن بووەوە، کە ئەفغانستان بە تەواوی چەمکی واقیعی کرداریی لە جەنگی ناوخۆدا بوو(گروموف: بدون سال چاپ،٥).

## تەوەرەی سێیەم: پرۆسەی کودەتاکەو هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر کودەتای ثور لە ١٩٧٨دا:

دوور لە هەستکردن بە کێشەو قەیرانەکانی داهاتوو، داوودخان لە کەشێکی ئاهەنگئامێزدا بوو دوای ڕەشبگیرکردنی سەرکردە کۆمۆنیستەکان. ئێوارەی (٢٦ی نیسانی ١٩٧٨) تەواوی فەرماندە سەربازییەکانی ناوچەی کابول لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لەلایەن حەیدەر ڕەسولی، وەزیری بەرگری ئەفغانستانەوە ئاگادارکرابوونەوە بۆ ڕێکخستنی ئاهەنگێکی فەرمی بە هۆی شکستپێهێنانی کافرەکانەوە(مەبەستی کۆمۆنیستەکان بوو). ئاهەنگ بە گۆرانیو سەمای میللی ئەفغانستانی ئەنجامدرا (Cordovez and Harrison:٢٥,١٩٩٥-٢٦). لە هەمان ڕۆژدا، پلانەی حەفیزوڵلا ئەمین، کە بۆ کودەتا ئامادەیکردبوو لە ڕێگەی کۆلونێل محەمەد گلاب زوی لە هێزی ئاسمانی یەوە گەیەندرایە دەستی سەرگورد (محەمەد ئەسلم وەتەنجار)، یاریدەدەری فەرماندەی فیرقەی چواری زرێپۆش. محەمەد ئەسلم وەتەنجار چەند کۆپی پلانەکەی لەگەڵ گلاب زوی و چەند کەسی دیکەی جێگەباوەڕی خۆیان دابەشکرد بەسەر کەسانی سەربەخۆیان لە نێو سوپادا (Cordovez and Harrison:١٩٩٥, ٢٤). ئەمە لە کاتێکدابوو  بارودۆخی کابول نارێکخراوبوو سەبارەت بە سوپا، کاتێك  محەمەد ئەسلم وەتەنجار بە هێزەکەی بەردەستی و بەپێی پلانەکە، لە کاتژمێر (٩:٠٠)ی سەلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە لە (٢٧ی نیسان)، دەستپێکردنی کودەتای ڕاگەیاند، سەرەتا حەیدەر ڕەسولی داوای لە زۆرێك لە فەرماندەکانی کرد سوپاکانیان بەرەو کۆشکی سەرۆکایەتی بنێرن، تا کودەتاچیان نەتوانن فەرماندەکان دەستبەسەربکەن (Cordovez and Harrison:١٩٩٥, ٢٦). ڕێبەرانی کودەتا، عەقید عەبدولقادر لە هێزی ئاسمانی، سەرگورد محەمەد ئەسلم وەتەنجار، سەرکردەی ئەو ئەنجومەنە سەربازییەبوو، کە ڕاسپێردرابوون بۆ سەرکردایەتی کودەتا (طنین: ١٣٨٤،٢٣١).

بە پێی ئەو پلانەی حەفیزوڵلا ئەمین دایانابوو، دەبوو وەتەنجار بە تانکەکانییەوە لە نیوەڕۆدا هێرشبکاتەسەر کۆشکی سەرۆکایەتی ئەفغانستانو هێزی ئاسمانیش بە نزمی بەسەر کۆشکدا بفڕن. دەرکەوتنی هێزی ئاسمانی ئاماژەبوو بۆ یەکەسەربازییەکانی سەر بە حیزبی

دیموکراتی خەلق لە سەربازگە جیاجیاکاندا بۆ دەستپێکردنی ئەو ئەرکانەی بۆیان دیارییکرابوو. سەرەڕای ئەوەی ئاماژەی هێزی ئاسمانی دەرنەکەوت، ستونێکی (٥٠) تانکی جۆری تی-٦٢(T-٦٢) بە ڕێبەریی وەتەنجار بەرەو ئامانجی دیارییکراو پرۆسەی کودەتای دەستپێکرد (Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٥) و یەکەمین تۆپ لە کاتژمێر(١١:٠٠) سەرلەبەیانی بەر وەزارەتی بەرگری کەوتو پەیوەندی نێوان کۆشکی کۆماریی و وەزارەتی پچڕاندو پاش نیو کاتژمێر هێزەکانی سەربە کودەتا چونە ناو ڕادیۆو تەلەفزیۆنی نیشتیمانییەوەو کۆشکیان گەمارۆدا (رادیو آزادی آفغانستان: ٧ ثور ١٣٩٨). دوای چوار کاتژمێر شەڕ، هێزی ئاسمانی توانی دەستگیرکراوە کۆمۆنیستەکان ئازادبکاتو دەست بەسەر ئامانجە سەرەکییەکاندا بگرێت وەك وەزراەتی بەرگریی، حکومەتی ناوەندیی، ناوەندی پەیوەندیی و ڕادیۆی کابول (Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٥).

داوودخان ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشەکەداکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەڵپەسارد(Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٦)، کە بۆ بڕیاردان لە چارەنوسی سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی باڵی خەلقی ئەفغانستانی سازدرابوو(عظیمی:١٣٧٦،١٣٧). بەپەلە داوودخان، جەنەراڵ ڕەسولی نارد بۆ زانینی هۆکاری وەڵام نەدانەوەی هێزەکانی هەواداری داوودخان، بەڵام لە ڕاستیدا وەزارەتی بەرگریی سیستمی پەیوەندیی تایبەتی لەگەڵ کۆشکی سەرۆکایەتی و دەرەوەی خۆی پچڕاندبوو. بەجۆرێك تەنانەت هەندێ جار کودەتاچیان لە نەبوونی پەیوەندیدا پەلاماری یەکتریان دەدا لە بێ ئاگایی لە یەکتر. لە کۆتاییدا جەنەراڵ ڕەسولی توانی یەکەکانی فیرقەی حەوتو هەشتو مەدفەعی کۆبکاتەوە بۆ سەرکوتکردنی کودەتا، بەڵام هەر لەگەڵ دەسپێکی پێکدادانەکاندا ڕەسولی بریندارببوو بە پەلە هەڵات، بەوە زۆرێك لە سوپای پشتگیری چونەپاڵ کودەتاچیانو دواتر ڕەسولی کەمێك پێش کاتژمێر(٥:٠٠)ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ دەستگیرکراو گولەبارانکرا. فەرماندەکانی تری سەربە داوودخان لە کۆگایەکی مریشکدا خۆیان حەشاردابوو دەستگیرکران و لە هەمان کاتدا هێزەکانی وەتەنجار دوای پشکنینی گرتوخانەکانی شار، ئەمین‌و سەرکردە کۆمۆنیستەکانی تریان ئازادکرد (Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٦) ، هەروەها هێزی ئاسمانی بە فرۆکەی میگ-٢١(MIG-٢١)و ئێس یو-٧٦(SU-٧٦) لە بنکەی باگرامەوە لە کاتژمێر (٣:٢٠) ئێوارە هێرشی بۆمبابارانی یەك لەدوایەکی بۆ سەر کۆشکی داوودخان دەستپێکرد (عظیمی:١٣٧٦،١٤٠). لە ڕاستیدا بەرگریی باش کرا لە کۆشك، بەڵام لەو ڕۆژەدا پاتری کۆنترۆڵکردنی موشەکەکانی کۆشك کاریان نەدەکرد. عەقید عەبدولقادر، سەرۆکی ئەرکانی هێزی ئاسمانی، کە پەیوەندی لەگەڵ ڕەوتی پەرچەم هەبوو، ڕۆڵی گەورەی بینی، چونکە پێشتر عەقید عەبدولقادر لەلایەن سۆڤێتییەکانەوە بەباشی پەروەردەکرابوو (Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٦). هەرچەندە تێبینی دەکەین حەفیزوڵڵا ئەمین، کە بەرپرسی بەشی سەربازیی گروپی خەلق بوو لە ناو سوپادا(طنین: ١٣٨٤، ٢٣١)، هەر لەسەرەتاوە باوەڕی بە عەقید عەبدولقادر نەبوو، بەڵام ناچاربوو بۆ سەرکەوتنی کودەتاکەی گەرێنتی بەشدارییکردنی وەرگرێت. بەپێی پلانەکە دەبوو عەقید عەبدولقادر بنکەی ئاسمانی باگرام لە کاتژمێر(٩:٠٠)ی سەلەبەیانی ڕۆژی کودەتا بداتە دەست ئەفسەرەکانی سەر بە خەلقی کۆمۆنیستو خۆیشی بە کۆپتەرێك بڕوات بۆ فرۆکەخانەی کابول. عەقید عەبدولقادر بەمە ڕازی نەبوو. لەبەرئەوە لە ڕۆژی کودەتا تا نیوەڕۆ لە نوسینگەکەی خۆی لە باگرام، دەستبەسەربوو. دواتر هەرچۆن بێت چووە پاڵ کودەتاو ڕێگەی بۆ هێزی ئاسمانی کردەوە بە بەشداری (٦) فرۆکە هەموویان لە بنکەی باگرام بوون، لە کاتژمێر(٧:٠٠) ئێوارە، دوای دوو کاتژمێر موشەکبارانی کۆشکی داوودخان، عەقید عەبدولقادر و محەمەد ئەسلم وەتەنجار، یەك لە دوایەك بە زمانی دریو پەشتویی بەیاننامەیان خوێندەوە لە ڕێگەی ڕادیۆی کابولەوە، کە:»ئەنجومەنی سەربازی شۆڕش دەسەڵاتی گرتۆتەدەست«(Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٧)).

پارتی دیموکراتی خەلقی ئەفغانستانی، کە یارمەتیدەری داوودخان بوون لە کودەتای هاتنە سەردەسەڵاتی (نشاط و دیگران: ١٣٩٦،٢٥)، توانییان لە ٢٧ی نیسان، دەست بەسەر کورسی دەسەڵاتدا بگرن(Khalid:١٩٨٦-٨٧,١٧٩) بە یارمەتی سۆڤێتو هاوپەیمانێتی باڵەکانی پەرچەم و خەلق و حکومەتی داوودخان لەکارخرا(Gul Khan:٢٠١٠,٥٤-٥٥). بۆ نموونە، تێبینی دەکەین لە (٢٢) ئەفسەری سەرەکی ئەنجامدەری کودەتا، (١٤) ئەفسەریان لە سۆڤێت پەروەردەکرابوون و بڕوانامەیان بەدەستهێنابوو (عظیمی:١٣٧٦، ١٣٢-١٣٣). هەرچۆن بێت لە ئاکامی کودەتاکە، داوودخان و زۆرینەی بنەماڵەکەی لە شەوێکی خوێناویی ٢٧/٢٨ی نیسانی ١٩٧٨دا (Gul Khan:٢٠١٠,٥٥)،


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دوای ڕەتکردنەوەی خۆبەدەستەوەدان بە خواستی خۆیان(Cordovez and Harrison:۱۹۹۵,۲۷))، داوودخان و خێزانەکەی و محەمەد نەعیمی برای و منداڵەکانی، محەمەد عومەر، وەیس، خالید، زرلشت، شینکی و ئەندامانی تری خانەوادەکەی لە لایەن ئەفسەرێکەوە بە ناوی (ئیمام الدین) (سنگلاخی: ۱۳۸۸، ۱۰٦) لە ناو کۆشکی کۆماری لە کابول گیران و لەسێدارەدران و پاشان(۱۸) تەرمی قوربانیانی خێزانی پادشایەتی لە ناوچەیەکی نەناسراو لە سنوری ڕۆژهەڵاتی کابول شاردرانەوە. دواتر دەرکەوت لە (پول چرخی) لە کابول شاردراونەتەوە(No Author:۱۷ March ۲۰۰۹).

ڕێبەرانی کودەتا، عەقید عەبدولقادر، محەمەد ئەسلم وەتەنجار، سەرکردەی ئەو ئەنجومەنە سەربازییەبوون، کە ڕۆژی دوای کودەتا دەسەڵاتیان کەوتەدەست، حەفیزوڵڵا ئەمین، کەسی ژمارە دوو، لە گروپی خەلق بوو(طنین:۱۳۸٤،۲۳۱) ، پاشان نور محەمەد ترەکی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی خەلقی ئەفغانستان، بوون(نشاط و دیگران: ۱۳۹٦، ۲٥). ڕادیۆی کابول ڕایگەیاند:»بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەفغانستاندا سنور بۆ دەسەڵاتی محەمەد زایر(خێزانی پادشایەتی ئەفغانستان) دانراو دەسەڵات کەوتەدەست جەماوەر»(Khalid:۱۹۸٦-۸۷,۱۸۰) هۆکاری ناوهێنانی خێزانی پادشایەتی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتی داوودخانیان بە درێژەپێدەری دەسەڵاتی پادشایەتی دادەنا. ئەوەی ڕاستی بوو جەماوەر هیچ ڕۆڵێکی دیاری نەبوو نە لە ئەنجامدانی کودەتاکە، نە لە جێگیرکردنی پایەکانی حوکم دا لە دواتر. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کودەتایە بە هۆی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان پارتی دیموکراتی خەلقو ئەو ئەفسەرانەدا هەبوو کە کودەتایان ئەنجامدا، ئەو ئەفسەرانەی سەرکردایەتی پرۆسەی کودەتایان کرد، دەسەڵاتیان ڕادەستی پارتی دیموکراتی خەلق کرد(No Author:۱۲ April,۲۰۰٤).

ڕاستییەکەی هەر لە کاتژمێرەکانی سەرەتای سەرکەوتنی کودەتادا، ململانێ لە نێوان ئەفسەرانی ئەنجومەنی سەربازیی‌و ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی خەلق لە هەردوو باڵی خەلق‌و پەرچەم دەستپێکرد. وادەردەکەوت ئەنجومەنی سەربازیی ئامادەنییە دەسەڵات بداتە دەست پارتە سیاسییەکان. زۆرینەی ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی خەلق لە باڵی خەلق خوازیاربوون دەسەڵات بگرنە دەست‌و ئەفسەران بگەڕێننەوە بنکەکانیان، دوای سێ ڕۆژ گفتوگۆی گەرم، وەك جەنەراڵ(دوای کودەتا پلەی بەرزکرایەوە بۆ جەنەراڵ) عەقید عەبدولقادر ڕابەری کودەتا ئاماژەی پێدەکات، ئەنجومەنی سەربازیی ڕازیی بوو دەسەڵات بداتە دەست ئەنجومەنێکی ئینقیلابی (طنین: ۱۳۸٤، ۲۳٥،۲۳۲).

لە ۳۰ی نیسان ڕاگەیەندرا، کە دەسەڵاتی ئەفغانستان لە لایەن ئەنجومەنێکەوە بەڕێوە دەبرێت، کە لە کەسانی مەدەنی‌و سەربازیی پێکدێت(Khalid:۱۹۸٦-۸۷, ۱۸۰)، ئەویش بە فەرمانی ژمارە (۱)ی ئەنجومەنی ئینقیلابی (۳٥) کەسی، کە ئەندامانی سەرەکی‌و یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی، باڵی خەلقی پارتی دیموکرات ئەفغانستان بوون. ئەم ئەنجومەنە (نور محەمەد ترەکی)، سکرتێری گشتی پارتی خەلقی(طنین: ۱۳۸٤، ۲۳۲؛ سنگلاخی: ۱۳۸۸، ۱۱۰) بە سەرۆکی ئەنجومەنی ئینقیلاب و سەرۆك وەزیران هەڵبژارد(عظیمی: ۱۳۷٦، ۱٥۱). دوای ئەمە فەرمانی ژمارە (۲)ی ئەنجومەنی ئینقیلابی دەرچوو (طنین: ۱۳۸٤، ۲۳۲)، لە ١ی ئایاری ۱۹۷۸دا، کە ناوی وەزیرەکانی تری حکومەتی نوێ ڕاگەیەندرا لە کابول (Khalid:۱۹۸٦-۸۷,۱۸۰)، کە (بابرەك کارمل) کەسی دووەمی باڵی خەلقی ئەفغانستان بوو بە یاریدەدەریی سەرۆکی ئەنجومەنی ئینقیلاب‌و یاریدەدەری پلەیەکی سەرۆك وەزیر هەڵبژێردراو (حەفیزوڵڵا ئەمین) پلەی یاریدەدەری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی بەدەستهێنا. دواتر (۱۹) کەس لە ئەندامانی کابینەی نوێ هەڵبژێردران، کە (عەبدولکەریم میساق) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب، بوو بە وەزیری ئابووری، هەروەها سێ ئەندامی ئەفسەرانی ئەنجامدەری کودەتا لە کابینەکەدا بوون ئەوانیش، (نور ئەحمەد نور) وەزیری ناوخۆ، (جەنەراڵ عەبدولقادر) وەزیری بەرگری‌و (محەمەد ئەسلم وەتەنجار) یاریدەدەری سەرۆك وەزیران‌و وەزیری هەاڵگریی بوو (عظیمی: ۱۳۷٦، ۱٥۱-۱٥۲). تەواوی کورسییەکانی تر لە نێوان ئەندامانی هەردوو باڵی خەلق بە سەرکردایەتی حەفیزوڵڵا ئەمین‌و باڵی پەرچەم بە سەرکردایەتی بابرەك کارمل دابەشکرا. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەبوو، کە ئەمین لە ڕێگەی ئەفسەرانی کودەتاچییەوە لە کۆبوونەوەیەکی کۆشکی (گوڵخانە)دا کارملی ناچارکرد لە ئەنجومەنی ئینقیلابی دا ئەندامانی باڵی خەلق زیاتربن لە پەرچەم، وەك (غلام دستگیر پنجشیری) وەزیری فێرکردن‌و پەروەردە ئامادەی کۆبوونەوەکە بووە ئاماژە بەوە دەدات، کارمل نیازی بوو کۆبوونەوەکە جێبهێڵێت و لە ژێر فشاری

سەربازدا گەڕایەوەو ناچارکرا دانبنێت بەوەی:»ئیدی باڵی پەرچەم وەك فراکسیۆنێکی یەکسان بوونی نییە»(طنين: ١٣٨٤ ،٢٣٢-٢٣٣). ئەگەر تێبینی بکەین لە کۆی (٢٢) ئەفسەری سەرەکی، کە ڕۆڵی بنەڕەتییان لە ئەنجامدانی کودەتادا بینی، (١٥) ئەفسەریان سەر بە باڵی خەلق‌و (٧) پەرچەمی بوون (عظيمى:١٣٧٦ ،١٣٢-١٣٣). ئەمە جگە لەوەی لە ڕاستیدا بە پشتیوانی سۆڤێت ڕێبەرانی خەلق هیچ ڕێگرییەکی وەهایان نەدەبینی تا کۆتا نەیارانی سەر بە باڵی پەرچەم لە حیزب‌و دامودەزگاکانی دەوڵەت‌و دامەزراوەی سوپادا دوور بخەنەوە(طنين: ١٣٨٤ ،٢٣٦). لەمڕووەوە، لە تەمموزی ١٩٧٨دا، بە ڕەزامەندێتی نور مەمەد ترەکی، جێگری سەرۆك وەزیران واتە حەفیزوڵلا ئەمین دەستیکرد بە هەڵمەتێکی پاکسازیی هەموو ئەوانەی ئۆپۆزسیۆن بوون(Fenzel:٢٠١٣,٤٢). ئەمین لە دەسپێکدا هێرشی بۆ سەر بابرەك کارمل بوو، پێی وابوو نادادپەروەرانەیە پەرچەم نیوەی پلەکان لە حکومەت و بەشێك لە لیژنەی ناوەندیی پێبدرێت، کە گورباچۆڤ لە مانگی نیساندا ئەوەی لە نور محەمەد ترەکی خواستبوو Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٣٠))، بەڵام زۆر گوێی بۆ نەگیرا، بەمەش زۆربەی سەرکردەو کەسایەتییە دیارەکانی باڵی پەرچەمی سەر بە پارتی دیموکراتی خەلقی نەك لە دامو دەزگاکانی سەربە دەوڵەت وەدەرنا، بگرە زۆرینەیان ڕووبەڕووی گرتن، زیندانی‌و لە سێدارەدان و دوورخستنەوە بوونەوە(Fenzel:٢٠١٣,٤٢-٤٣). بۆ نموونە، لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٧٨دا حەفیزوڵلا ئەمین پشتیوانی نور مەمەد ترەکی بەدەستهێنا بۆ ڕەزامەندیی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی خەلق بۆ دوورخستنەوەی بابرەك کارمل‌و شەش لە سەرکردەکانی سەر بە باڵی پەرچەم وەك باڵیۆز لە دەرەوە Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٣٠)) لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٧٨دا، جەنەراڵ عبدالقادری وەزیری بەرگری‌و شاهپور ئەحمەدزی، سەرۆکی سەرکردایەتی گشتی سوپاو ژمارەیەکی دیکە، کە زیاتر پەیوەندییان بە باڵی پەرچەمەوە هەبوو، دەستگیرکردن، تەنانەت عبالقادری سەرۆکی کودەتایان بە تۆمەتی خیانەتی دژی ئینقیلاب دەستگیرکردبوو(طنين: ١٣٨٤ ،٢٣٦-٢٣٨) لەگەڵ سوڵتان عەلی کشتمند، وەزیری پلاندانان‌و جەنەراڵ محەمەد ڕەفیع، وەزیری خزمەتگوزارییە گشتییەکان‌و ژمارەیەکی دیکە لە لایەنگرانی پەرچەمییەکان لەلایەن حەفیزوڵلا ئەمینەوە زیندانی کران و دوورخرانەوە (سنگلاخى: ١٣٨٨ ،١١٤). نەك هەر ئەمە بگرە بابرەك کارمل، کە ڕێبەری باڵی پەرچەم بوو بە زەحمەت لە لەسێدارەدان ڕزگاری بوو، ئەویش چاکەی سەرکردایەتی سۆڤێت بوو، کە کاریکرد بۆ دوورخستنەوەی بۆ پراگ‌و کرا بە باڵیۆزی ئەفغانستان لە چیکوسلۆڤاکیا (Fenzel:٢٠١٣,٤٣)، ئەمەش وەك گەرێنتی پاراستنی‌و پارێزگاریی بۆ ئەگەری گێڕانەوەی بۆ دەسەڵات لە داهاتوودا لەلایەن سەرکردایەتی سۆڤێتەوە بۆ دەسەڵات لە ئەفغانستان Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٣٠)). لە ڕاستیشدا ئەم فکرە هاتەدی لە دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤێتەوە.

لە ٣ی ئایار برجنیف‌و کوسیجین بەگەرمی پیرۆزباییان لە نور محەمەد ترەکی کردو هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست (Khalid:١٩٨٦-١٨٤,٨٧). لە ڕاستیدا مۆسکۆ کودەتای ثور و ڕووداوەکانی دواتری بە سەرکەوتنی ستراتیجی سۆڤێت لە ناوچەکە دادەنا (گروموف: بدون سال چاپ،٤).

دوای کودەتای ثور پەیوەندی کابوڵ و مۆسکۆ دوورنمایەکی بەرچاوی نوێی لە هاوکاری هەردوو وڵات دا هێنایەئاراوە لە تەواوی بوارەکانی سیاسی، ئابووری، سەربازیی و فەرهەنگی، کە زیاتربوو لە پەیوەندی لەگەڵ تێکرای وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات (عظيمى: ١٣٧٦ ،١٥٢). لەسەر ئاستی پەیوەندی ئابووری، بە نموونە، پاڵفتەکردنی(٣٥٠٠٠٠٠) بەرمیل نەوت لە ساڵێکدا، دەزگای نوێی گواستنەوەی ماتۆڕو تەنکەر و ڕاکێشانی کارەبا بۆ باکوری ئەفغانستان، دروستکردنی شەش فڕۆکەخانە لە ولایەتی بەدخشان و نوێکردنەوەی فڕۆکەخانەی کابول و کارگەی فابریکەسازیی کابول‌و ڕاکێشانی ئاو بۆ کشتوکاڵ‌و دابینکردنی کارەباو تەندروستی...هتد (رستم: ١٣٦٣ ،٢٠). بە جۆرێك لە ساڵانی ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، قەبارەی بازرگانی نێوان سۆڤێت و ئەفغانستان نزیکەی (٦٠٪) تەواوی تێکرای بازرگانی دەرەکی ئەفغانستانی پێکدەهێنا، هەروەها بازرگانی هەردوو وڵات سێ پلە زیادی کرد و لە ساڵی (١٩٧٧) لە (١٩٠,١)ملیۆن ڕۆبل بۆ (٦٦٤,٥) لە (١٩٨٣)دا هەڵکشا(رستم: ١٣٦٣ ،٢١-٢٠).

لە ڕووی پەروەردەییەوە، سۆڤێت کادری نیشتیمانی ئەفغانستانی بە تایبەتی لە بواری ئابووریدا پەروەردەکردو هەر لە ساڵی ١٩٧٩ پرۆتۆکۆڵێکی هاوکاری لە نێوان ئەفغانستان‌و سۆڤێت واژۆکرا. بەو پێ یە پسپۆڕانی ئەفغانستان لە دامودەزگاکانی خوێندنی باڵاو پیشەیی ئەفغانستان‌و لە پرۆژەکانی هەماهەنگی تەکنیکی-ئابوریی ئەفغانستان-سۆڤێت، کە پسپۆڕانی سۆڤێت ڕاستەوخۆ تیایاندا بەشدارن، بە هەمان شێوە لە

دامودەزگاكانی خوێندنی باڵاو پیشەیی سۆڤیێت پەروەردە دەكرێن. بۆ نمونە، لە ماوەی بیستو پێنج ساڵی هاریكاریی ئەفغانی-سۆڤیێتی لە (١٩٧٩)وە، نزیكەی(٧٥) هەزار پسپۆڕ پەروەردەكرد. ساڵانەش لە دوای كودەتاوە بە تایبەت لە (١٩٧٩)وە ساڵانە تا (١٥٠٠) كەسی خەڵكی ئەفغانستانی لە كوڕو كچ لە بەشە پسپۆڕییە جیاوازەكان لە سۆڤیێت وەردەگیران و دەیانخوێند(رستم: ١٣٦٣، ٢١-٢٠).

لە (٩ی ئایار) سەرۆك نور محەمەد تەرەكی سیاسەتی نوێی حكومەتەكەی ڕاگەیاندو لە سیاسەتی دەرەوەدا بێلایەنیو پەیوەندی باشی لەگەڵ دراوسێكانی وڵاتەكەی ڕاگەیاند، هەروەك ئامانجی تایبەتی دیاریكرد:»بەهێزكردنو پتەوكردنی پەیوەندی دۆستایەتیو هاریكاریی گشتگیر لەگەڵ سۆڤیێت»(Khalid:١٩٨٦-٨٧, ١٨٠). ئەم هەنگاوەی باڵی خەڵق، وایكرد هەر لە سەرەتاوە وڵاتانی پەیمانی ناتۆ(NATO) و وڵاتانی ئیسلامی لەگەڵ هەڵوێستی ئەمریكادابن دژی دەسەڵاتی حكومەتی كابول، كە لەلایەن حیزبی دیموكراتی خەلقی ئەفغانستان كۆنترۆڵكراب وو(Amstutz:١٩٨٦,٣٤٦). هەر لە سەرەتاوە پەیوەندی باڵی خەڵق و سۆڤیێت زۆر ئاشكرابوو، تا لە كاتی كودەتاكەدا (٣٥٠) ڕاوێژكاری سۆڤیێت لە ئەفغانستان بوون، كە ڕۆڵی كاریگەریان هەبوو لە كودەتاكەدا (Khalid:١٩٨٦-٨٧,١٨٣). لەبەرئەوە بە ئاشكرا باڵادەستی و لەپێشتربوونی سۆڤیێت لە ئەفغانستان بەسەر وڵاتەكانی تردا، ئاماژەی مەترسیداربوو بۆ دژبەیەكی سیاسەتی حكومەتی دوای كودەتا (Khalid:١٩٨٦-٨٧,١٨١)، لەبەرئەوە جێگەی سەرسوڕمان نەبوو كاتێك باڵیۆزخانەی ئەمریكا لە كابول لە بروسكەیەكدا بۆ واشنگتۆن نوسیبوی:"ڕوس(سۆڤیێت)كان توانیان یارییەگەورەكە ببەنەوە» (Amstutz:١٩٨٦,٣)، لەگەڵ ئەوشدا، ئەمریكا بەرنامەی یارمەتی ئابووریی، كلتوریو پەروەردەییو دەستەی ئاشتیخوازی بۆ ئەفغانستان یەكلایەنە ڕانەوەستان لە ترسی:»پاڵنانی زیاتری حكومەتی ئەفغانستان بە قووڵی بۆ ئامێزی سۆڤیێت» (Khalid:١٩٨٦-٨٧,١٨١). هەر لەمڕووەوە، ئەمریكاو وڵاتانی ڕۆژئاوا و پاكستان دانیان بە كۆماری دیمەكراتی ئەفغانستاندا نا(Amstutz:١٩٨٦,٣٣٦) و ئێرانیش هەمان هەنگاوینا (Amstutz:١٩٨٦,٣٥٨) و وڵاتی چین هەر لە سەرەتای كودەتاوە هۆشداریدا لە مەترسییەكانی پەرەسەندنی هەژموونی سۆڤیێت بە هۆی ئەم كودەتایەوە(Amstutz:١٩٨٦,٣٦٢).

## تەوەرەی چوارەم: ئەنجامەكانی كودەتای ثور و كاریگەریی لەسەر بارودۆخی ئەفغانستان:

ڕۆژەكانی سەرەتا بە زوویی بەكۆتاهاتن، وەزیرە نوێیەكان دەستیان بەكاركرد. هەر لەسەرەتاوە ڕێبەرانی خەلقی بە بێ ڕەچاوكردنی بارودۆخ دەستیانكرد بە پرۆسەیەكی بە كۆمۆنیستیكردنی دامو دەزگاكان. تەرەكی پێی وابوو، بۆ قەرەبووكردنەوە و جێگرتنەوەی كارمەندانی دوورخراوەی پێشوو، كادری پێویستیان هەیەو دەتوانن بەبێ ئەوانەش ڕەوڕەوەی دەوڵەتەكەیان بۆ پێشەوە بجوڵێنن. وەزیرەكانیش بە ئیلهام وەرگرتن لەو قسە ناواقیعی و ناباوانە، هەوڵیاندا ئەندامانی حیزبەكەیان لە بەشی پەیوەست بە خۆیان لە وەزراەتەكان جێگیربكەنو كارمەندانی دەوڵەتو بە ئەزمونی ڕژێمی پێشویان وەدەرناو نارديانە ماڵەوە. ئاكامی ئەم كارە بە جۆرێك بوو، لە وەزارەتانەی پشكی باڵی خەلقی بوون تەواوی كادرەكانیان خەلقی بوو، لەو وەزارەتانەی پەرچەمی بوون، لە سەرەوە تا خوارەوە پەرچەمی دانران. وەها هەنگاوێك بووەهۆی تێكدانی هاوسەنگی سیستمی كارگێڕیو بێ بڕوایی خەڵكو هەڵەتێگەیشتن لە سەرەتا كارەكانەوە لە نێوان یەكە كارگێڕییەكاندا بێتەكایەوەو جیاوازییو هەماهەنگی نەكردنو پەرتەوازەیی لە كاروباریی وەزارەتەكانو دامەزراوەكانی دەوڵەتی سیمای دیاری ئەو قۆناغەبوون(عظیمی: ١٣٧٦، ١٥٣). ڕژێمی نوێ هەر سەرلەبەیانی دوای كودەتا، بەهێزكردنی پایەی حوكمی بە گرنگترین كاریی خۆی لەقەڵەمدا. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە سیاسەتی سەركوتو تێرۆری كردە ڕێكارە لەپێشینەكانی دەوڵەت. ڕەشبگیریی دەستەجەمعی لە سەرەتاوە دەستپێكردو لە ساڵی ١٩٧٩دا گەیشتە لوتكە. لە كابول جگە لەوانەی سەر بە خانەوادەی سەڵتەنەتی بوون، دستگیركردنی چالاكوانانی سیاسی گروپە جیاوازەكان لە نێویاندا ئەندامانی بزوتنەوەی ئیسلامی، ماوی، باڵی پەرچەمی یەكان، ئەندامانی گروپی گەلی ئەفغانی(افغان ملت)و گروپی تاهیر بەدخشی و بەحرەدین باحس... بوون. ئەمە جگە لە گروپە كۆمەڵایەتییەكانی وەك مامۆستایانی زانكۆكان، كارمەندانی دامەزراوەكانی دەوڵەت، ڕابەرانی گروپە نەتەوەییەكانی وەك نورستانی، هەزارەو بەدخشانی یەكان، كە دەستیان بە چالاكی دژی دەوڵەت كردبوو. لە دەرەوەی كابول، سەردارانی نەتەوەییو مەزهەبی و كەسانی ئاسایی قوربانیانی سەركوتكارییەكان بوون زۆرینەیان دەنێردران بۆ گرتوخانەی پولی گون(پول چرخی) لە

ڕۆژهەڵاتی شاری کابول، کە وەك کوشتارگە ناوبانگی دەرکردبوو، هەروەها گرتوخانەی (دەمزنگ)یش (طنین: ١٣٨٤، ٢٤٧-٢٤٨). دیار نییە لە ماوەی شەپۆلی ڕەشبگیریدا لە ماوەی حکومەتی بیست مانگەی باڵی خەلق دا چەند کەس کوژران، بەڵام دوای کەنارخستنی نور محەمەد ترەکی، حەفیزوڵڵا ئەمین لیستێکی (١٢) هەزار کەسی کوژراوی بڵاوکردەوە، تا نیشانی بدات بەپرسی ئەو کارە نور محەمەد ترەکی بووە(طنین: ١٣٨٤، ٢٤٩-٢٥٢). بە کورتی کەشێکی پڕ ترس و تۆقاندنو تیرۆرو لەسێدارەدانی بێ لێپرسینەوە، ئەفغانستانی بەرەو ئایندەیەکی تاریك برد. چاڵەکانی ناسراو بە پولی گون ترسناك بوون، سیخناخ بوون بە جەستەی چەندین مرۆڤی بێتاوان. ئەوانەی ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لەم ڕەشەکوژیانەدا، گرنگترینیان: ئەسەدوڵلا سروری، سەرۆکی ئیدارەی هەواڵگری و ئاسایشی ئەفغانستان ناسراو بە(ئەگسا)، سەید داود ترون، سەرۆکی ژاندارمو پۆلیس، کە دواتر بووە سەرۆکی مەکتەبی نور محەمەد ترەکی، هەروەها عەبدوڵلا ئەمین، برای حەفیزوڵلا، کە بنکەی لە کارگەیەکی شەکر لە شاری (کندز) بوو (سنگلاخی: ١٣٨٨، ١١٥-١١٨).

لە ( تەمموزی ١٩٧٨) دا، دوای ساڵێك لە نزیکبوونەوەی باڵی پەرچەمو خەلق، جارێکی تر هاوپەیمانێتی نێوانیان ڕووبەڕووی کەرتبوون بووەوە. هەرچەندە لە سەرەتاوە سیاسەتی کۆمۆنیستەکان میانڕەوبوو و تارادەیەك سەرکەوتووبوو، بەڵام زۆری نەبرد زنجیرەیەك سیاسەتی بەناو چاکسازیی گشتگیر، تەواوی پێشکەوتنەکانی پێشووی سڕییەوە(Gul Khan:٢٠١٠,٥٥-٥٦) و تەنانەت سرودی نیشتیمانی وڵات گۆڕدرا (Fenzel:٢٠١٣,٤٦)، هەروەها بەپێی فەرمانی ژمارە(٤)ی ڕۆژی ١٢ی حوزیرانی ١٩٧٨ (سنگلاخی: ١٣٨٨، ١١١)، ئاڵای سێ ڕەنگی ئیسلامی ئەفغانستان بە ئاڵای سوور، کە سیمبولی کۆمۆنیستی دادەنرا، گۆڕدرا (Fenzel:٢٠١٣,٤٦) و لەژێرەوەی ئاڵاکە بە زمانی پەشتونی نوسرابوو:» د ثور انقلاب ١٣٥٧» کودەتای ثوری ١٣٥٧و: «د افغانستان دمکراتیك جمهوریەت»کۆماری دیموکراتی ئەفغانستان (برجیان:تابستان١٣٨١، ٤٢). لێرە بەدواوە ڕەمزی دەوڵەت لە (میحراب و مینبەر)ەوە کرا بە نیشانەی (خەلق) (طنین: ١٣٨٤، ٢٤٠؛ سنگلاخی: ١٣٨٨، ١١١). بە وتەی پرۆفیسۆر حسن کاکر، مامۆستای پێشوی مێژووی زانکۆی کابول، ئاماژەی پێدەدات:»لەوە بەدواوە خەڵك دڵنیابووەوە، ئەوانە کۆمۆنیستنو هەمان سیاسەتو ڕێگەی سۆڤێتیان هەیەو لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەت دەکەن. لەو ساتە بەدواوە دژایەتی خەڵك توندترو ئاشکراتربوو»(طنین: ١٣٨٤، ٢٤٠-٢٤١). لێرە بەدواوە باڵی خەلق خۆی بە نوێنەری خەڵکی ئەفغانستانو چینی کرێکار ڕاگەیاند، سیستمێکی دیکتاتۆری تاکپارتی بەرپاکردو سەرکوتکردنی نەیارانی گرتەبەر، ئەمە جگە لە بەرنامەی چاکسازیی ڕیشەیی زەوی و زار دا(نشاط و دیگران: ١٣٩٦، ٢٥)، هەروەها ڕەواجدان بە بەئایدۆلۆجیکردنی کۆمەڵگە، بە هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیای کۆمۆنیستی لە ناوچە دێهاتنشینەکانی ئەفغانستان، بەڵام هۆز و عەشیرەتەکانی ئەفغانستان ئەم هەوڵدانانەیان بە ئاڵنگاریی ڕاستەوخۆی ئاینی ئیسلامیان دایە قەڵەم(Fenzel:٢٠١٣,٤٣). زیاد لەوەش خەڵکی ئەفغانستان سوننەتیو وەفاداری ئاینی ئیسلامو فەرهەنگو داب ونەریتی لەمێژینەی خۆیان بوون. تێکڕای ئەمانەش پێچەوانەی خواستی سەپاندنی ئایدۆلۆجیای مارکسی بوو(سنگلاخی: ١٣٨٨، ١٠٩). تێبینی ئەوە دەکەین، نەخوێندنەوەو نەناسینی وردی کۆمەڵگەی دێهاتنشینی، پێکهاتەی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی ئەفغانستان لەلایەن حکومەتی دوای کودەتاو گرتنەبەری نەخشەو پلانگەلێك، کە ڕەنگی دژەئاینی پێوەدیاربوو، ئەمە بووە هۆی دەرکەوتنی توڕەیی و سەرهەڵدانی جەماوەر لە بەرامبەر دەوڵەت. محەمەد ئەکبەر، ڕابەری پارتی پاسەوانی ئیسلامی ئەفغانستان (حزب حراست اسلامی افغانستان)، لەو باوەڕەدایە:»خەڵك لە حکومەتێکی یەکجۆریی بنەماڵەیی تەنگەتاوبوون و وەزاڵەهاتبوون و خوازیاری گۆڕانکاریی بوون. ئەنجام ئەوە بوو، خەڵك سەرەتا بە گشتی پشتیوانییان لە کودەتاچیان کردو یان ئەوەی بایەخیان بە بابەتەکان نەدەدا... کاتێك کە فەرمانگەلێك لە پشت سەرەوە]بە نهێنی[دەرکرا، خەڵك ئەو فەرمانانەی بە دژی فەرهەنگو داب ونەریتی خۆی دەزانی، لەبەرئەوە شەپۆلی ناڕەزایەتیو دژایەتی ڕۆژبە ڕۆژ زیاتر دەبوو، کە بە جیهادو جەنگێکی تەواو عەیار کۆتاییهات»(وفایی زاده و دیگران:جدی ١٣٩٥ خورشیدی،٢١)، لەبەرئەوە خەڵکی سوونەتی ئەفغانستان دوودڵ نەبوون لە دژایەتی توندو ڕاستەوخۆی حکومەتی نور محەمەد ترەکی(Fenzel:٢٠١٣,٤٣). لەمڕووەوە، هۆکارەکانی چالاکی پەشتۆنەکان، بریتی بوو لە توڕەیی لەم سیاسەتانەو سیاسەتی چاکسازیی و کوشتنو هەڵمەتی ڕەشبگیریی و نائارامی لەنێو ڕیزەکانی سوپادا (Gul Khan:٢٠١٠,٥٦).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کودەتای ثور سەرەتای شۆڕشێکی ڕاگەیاند، کە دەیویست کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی ئەفغانی لە ڕیشەوە بگۆڕێت. دروشمی(نان، کالا، خانو، یەکسانی و دادپەروەری) دەرگاو دیوارو شەقامەکانی داپۆشی بوو(طنین:١٣٨٤،٢٣٩). کودەتا وادەردەکەوت دژی زۆربەی کۆمەڵگەی ئەفغانستان بێت، لە شارەکان پشتیوانییەکی زۆریان نەبوو، تەنانەت لە کابولی پایتەخت. هەرچی دێهاتەکانیشە هیچ پشتگیرییەکان نەکردن (No Author:١٢ April,٢٠٠٤). لە ڕاستیدا پێکهاتەی سوننەتی کۆمەڵایەتی لە ناوچە دێهاتنشینەکانی ئەفغانستانداو نەبوونی کادری پارتی دیموکراتی خەلق لەو دێهاتانە کاریگەری نەرێنی هەبوو لەوبارەیەوە. نەك هەر ئەوە، بگرە دواکەوتوویی ناوچە دیهاتنشینەکانو لە ئەنجامدا باڵادەستی خانوگەورەو دەرەبەگەکان، هۆکاری گەورەی پێشوازیی نەکردنو بگرە دژایەتیکردنی کودەتای کۆمۆنیستی بوون(جیوستوزی: ١٣٨٦،١٧)، ئەمە شتێکی سروشتی بوو بە سەرنجدان لەوەی، ڕیشەکێشکردنی دەرەبەگایەتی بە ئامانجی ستراتیژی ڕژێمی نوێ ڕاگەیەندرابوو(طنین: ١٣٨٤ ،٢٣٩). بە پوختی پێکدادانی دوو فەرهەنگی جیاوازو دژ بەیەك، واتە بزوتنەوەی مارکسی و کۆمەڵگەی مەزهەبی-سوننەتی دێهاتنشین بوو (جیوستوزی:١٣٨٦،١٧). بەم جۆرە، کودەتا ستالینییەکە دوژمنایەتی چرکردەوە لە نێوان شارو دێهاتەکاندا. نەیتوانی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت بەسەر کۆمەڵگەدا، بگرە کەوتنە جەنگەوە لەگەڵ زۆربەی ئەفغانستان، کودەتا نەیتوانی ببێت بە شۆڕش. بێگومان لەمەشدا ئیسلامییەکان بەشێك بوون لە شکستی حکومەتی نوێ، تێبینی دەکەین حکومەتی دوای کودەتا مەرسومی چاکسازیی ڕیشەیی ڕاگەیاند (جیوستوزی:١٣٨٦،١٨). زۆرێك لە چاکسازییەکان لە بەرامبەر نایەکسانی فیوداڵی و کۆنەپەرستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئەفغان بوو. لە تێڕوانینی سەرکردایەتی سۆڤێتیش ئەو جوڵانەی حکومەتی ئەفغانی بێ ئامادەکاریی و پەلەی پێوەدیاربوو، لەو باوەڕەدارابوون نەیاریی توندی دێهاتییەکانی لێدەکەوێتەوەو یاخیبوونی بەدوادا دێتو پاکستانو ئەمریکا ئەوە ئەقۆزنەوە بۆ لێدان لە دەسەڵاتی کۆمۆنیستی خەلق، بەڵام حەفیزوڵلا ئەمین ئەم ئامۆژگارییەی مۆسکۆی پشتگوێخست(Harrison and Cordovez:١٩٩٥,٣٠–٣١؛Fenzel:٢٠١٣,٤٧) ڕووداوەکانی دواتر وەك دانەی مروارێی ڕاستیی ئەم تێگەیشتنەی کرملینی پشتڕاستکردەوە.

چاکسازییەکانی حکومەتی خەلق لەسەر سێ تەوەری سەرەکی، کە چەسپاندنی دەوڵەت، دەربارەی چاکسازیی زەوی وزار، کە بە دوو فەرمانی ژمارە(٦)ی ئابو ژمارە(٨)ی ( ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨ )بوو، پڕکێشەترین دوو فەرمان بوون. دەربارەی دابەشکردنی زەوی بوو بە بێ بەرامبەر بەسەر (٢٧٠)هەزار جوتیارو سنووردارکردنی پشکی موڵکداریی خاوەن موڵکەکان بە (٣) هێکتار(سنگلاخی: ١٣٨٨ ،١١١). فەرمانەکە جەختیدەکردەوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی فرۆشتنی زەوی بە سوو(ڕیبا)، کە پێنج ساڵ بەسەر فرۆشتنیاندا تێپەڕیوە، بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی کلاسیکی فیوداڵیزمی ئەفغانستان(روا: ١٣٦٩،١٣٣-١٣٤؛ سنگلاخی: ١٣٨٨ ،١١٢) ، هەروەها فەرمانی ژمارە(٧) لە ١٧ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، جەختی دەکردەوە لەسەر یەکسانی مافی نێر و مێو ڕێگرتن لە هاوسەرگیری ناچاریی و بەشودانی کچانی نابالغ (سنگلاخی: ١٣٨٨ ،١١١) و زیاتر لەوە، یەکسانی لە خوێندنو فێربوون لە نێوان نێرو مێ دا بەیەکسانی(روا: ١٣٦٩،١٣٥-١٤٨؛ جیوستوزی: ١٣٨٦،٣٥-٦١) و دژایەتی سوو(ربا)، بە بێ بوونی ئەلتەرنەیتڤێکی گونجاو، کە بووە هۆی قەیرانێکی گەورە لە پاشەکشەی بەرهەمی کشتوکاڵی، لەڕاستیدا حکومەت لە دەرەوەی کابول، هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە (No Author:١٢ April,٢٠٠٤). هەروەك ئەم چاکسازییانە هەڵتەکاندنی بونیاتی ئابووری-کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی دێهاتنشینی سوننەتی ئەفغانستان بوو، هەربۆیە بۆ دروستکردنی کێشە بۆ هەنگاوەکانی چاکسازی حکومەت، دێهاتییەکان ناچاربوون دژایەتی دەسەڵات و بەرنامەی کۆمۆنیستەکان بکەن(Fenzel:٢٠١٣,٤٦-٤٧؛ سنگلاخی: ١٣٨٨ ،١١٢). بۆ نموونە، پیاوانی ئاینی دەستیانکرد بە پروپاگەندە لە نێو خەڵکی دێهاتنشینەکاندا، کە نەهێشتنی نەخوێندەواریی لە نێو ژنانی دێهاتەکاندا کاری ژنانی شارە بەو هەڵمەتانە هەڵدەستن، ئەو ژنانە زۆربەیان تەنورە لەبەردەکەنو ئایدیای بەدڕەوشتی بڵاودەکەنەوە. بەشێوەیەکی فراوان پیاوانی ئاینی هێرشیانکردە سەر کتێبی قوتابخانەکان، کە پروپاگەندەی خەلقی یەکانی تێدایەو ئەنتی ئیسلامن(Harrison and Cordovez:١٩٩٥,٣١). ئەمە هاوساتی هەوڵی بەرزەفڕیی سەرکردەکانی دەوڵەتی ئەفغانستان بۆ باڵادەستیو هەژموونی ناوەندێتی لە دەسەڵاتدا لە بەرامبەر هۆزەکان دا وایکرد، ترس و تووڕەیی فراوانتر ببێت و دەسەڵاتی حکومەت وەك دووژمن لێی دەڕوانرا، ئەمەش لاوازیی دەوڵەتی ئاشکراترکرد (جیوستوزی: ١٣٨٦،١٧) و ئەو وتە باوەڕەی سەلماند، کە تێڕوانینی زۆرینەی

تویژەران بوو، کە ئەفغانستان خاکێکە ناتوانرێت سەرکەوتن بەدەست بێت تیایدا بۆ هێزە ناوخۆییەکانو گۆڕستانی ئیمپراتۆریەتەکانە (Fenzel:٢٠١٣,٤٦). مەبەستی هێزە دەرەکییەکانی وەك بەریتانیاو ڕوسەکان (دواتر سۆڤێت) بوو.

هەربۆیە زۆری نەبرد بەشێکی زۆری خەڵکی ئەفغانستان دژی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی وەستانەوە، بە نموونە، لەسەرەتای (١٩٧٩)وە زۆربەی لادێکان لە شۆڕشێکی کراوەدابوون دژی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی خەلق، باشترین نموونە، یەکەمین ڕاپەڕینی مەدەنی بوو لە ناوەڕاستی (ئازاری ١٩٧٩)دا لە شاری هیرات بووە خاڵی دەسپێکی ڕاپەڕین(روا:١٥٣،١٣٦٩)، بەسەرکردایەتی کەسێك بەناوی ئیسماعیل خان بوو. تەنانەت دەستیان بەسەر شارەکەداگرتو فیرقەی(١٧)ی سوپایان بە دیل گرت(سنگلاخی: ١٣٨٨ ،١١٨). لە ڕاستیدا ئەوەی لە هیرات ڕویدا بە هۆی ئەوەوەبوو، کە ڕژێمی کابول سەرەڕای یارمەتییەکانی سۆڤێت کۆنترۆڵی بارودۆخی لەدەست دەرچووبوو، لێکترازانی نێو ڕیزەکانی سوپاو بەئامانجگرتنی ڕاوێژکارانی سۆڤێت لەلایەن یاخیبووانەوە لە هیراتی ڕۆژئاوا، کە (٢٧٦) ڕاوێژکارو ئەندامانی خێزانەکانیان بە شێوەیەکی دڕندانە لە سەرەتای (ئازاری ١٩٧٩)دا، کوژران. ئەم ڕەفتارە لەگەڵ سوکایەتی بە جەستەی کوژراوەکان لە شەقامەکانی هیرات لەلایەن یاخیبوانەوە، سەرکردایەتی کرملینی توشی شۆك کرد (Fenzel:٢٠١٣,٤٩-٥٠). توونديی‌و فراوانی ڕاپەڕیوان بە جۆرێك بوو، ڕژێمی کۆمۆنیستی وەزاڵ هێنا، بە پەلە نور محەمەد ترەکی داوای هاتنی سوپای سۆڤێتی کرد بۆ ئەفغانستان، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ئەوە یەکەمین جاربوو داوای هێزی بێگانە بۆ نێو ئەفغانستان بکرێت(سنگلاخی: ١٣٨٨ ،١١٨) بە شێوەیەکی فەرمی. دواجار شۆڤێت وەك تۆڵەکردنەوە هێرشی ئاسمانی کردە سەر شاری هیرات و نزیکەی(٢٤٠٠٠) کوژراوی لێکەوتەوەو شارەکەی وێرانکرد(Fenzel:٢٠١٣,٥٠). بەم جۆرە ئەم ڕاپەڕینە لە (٢٠ی ئازار)دا بە دڕندانە سەرکوتکران، بەڵام پاش ئەم کاردانەوە توندە، چالاکییەکانی سۆڤێت لە هیرات سنورداركرا (گروموف: بدون سال چاپ، ٥؛ Gul Khan:٢٠١٠,٥٦).

بۆ ڕۆژی دواتر لە بنکەی جلال ئاباد پیلانگێڕییەکی دیکە ئاشکرابوو، کە (٢٣٠) ئەفسەرو سەرباز بە تاوانی هەنگاوی دژی دەوڵەت دەستگیرکران(گروموف:بدون سال چاپ، ٦). هەر دوای ئەوە بەشێکی زۆری ناوچەکانی ئەفغانستان دەستیاندایە دژایەتی کرداریی دەوڵەت‌و ڕاپەڕین پەرییەوە زۆرینەی ناوچەکانی وەك، سەرزەمینی ئایماق(دولتیار، ویلایەتی فاریاب، بادغیس لە باکوری ڕۆژئاوای ئەفغانستان)، پاشان لە غزنی یەوە تاکو میمنەو لەنێو پەشتونییەکان. بارودۆخ بە توندیی دژی ڕژێمی کۆمۆنیستی خەلق تەقییەوە(روا: ١٥٣،١٣٦٩-١٥٩؛ سنگلاخی: ١٣٨٨ ،١١٩-١٢٠). ئەم ڕووداوانە بوونی ڕژێمی شۆڕشگێڕیی کابولی خستبووە بەر هەڕەشە، لە دیدی سەرکردایەتی سۆڤێتەوە(گروموف:بدون سال چاپ،٦). بارودۆخ بێ سەروبەرییەکی زۆری تێدابوو، ڕژێمی خەلق لەو باوەڕەدابوو هێرشبردن بۆ ناوەندی سوننەتی هێز دەتوانێت گەرێنتی کودەتا بکات، بەڵام ئەم هەنگاوە ڕووبەڕووی بەرگریی بووەوەو شەرعییەتی بە هێزو دەسەڵاتی ڕێبەرانی نەتەوەیی‌و مەزهەبی بەخشی(طنين: ١٣٨٤ ،٢٤٢) و شکستی بە ئامانجی کۆمۆنیستەکان هێنا. بە نموونە، حکومەت لە هاوینی ١٩٧٩ تەنها لە چەند ویلایەتو ئەویش لە ناوەندی ویلایەت باڵادەستبوو، بە جۆرێك بە داتا لە پایزی هەمان ساڵ جوڵانەوەی چەکداریی دژی حکومەت لە (٢٥) ویلایەت لە(٢٨) ویلایەتەی ئەفغانستانی پێکدەهێنا، چالاك بوون. لە کۆتایی ساڵیشدا (١٧) ویلایەتو زیاتر لە نیوەی بنکەکانی ناوچەکانو زۆربەی دێهاتەکان لەژێردەستی یاخیبواندابوو(جیوستوزی: ١٨،١٣٨٦). بەم جۆرە فراوانبوونی شۆڕش، ڕژێمی کابولی سەراسیمە کردبوو. لە هەمان کات سەرکردایەتی سۆڤێتی پشتیوانی دەسەڵاتی سەخت نیگەران کردبوو، لەو ڕۆژانەدا لە نێوان کابولو مۆسکۆدا ئەگەری دەستێوەردانی سۆڤێت بۆ پشتیوانی ڕژێمی نوێ خرایە بەرباس(طنين: ١٣٨٤ ،٢٥٨) و هەنگاوی جدی نرا بۆ ڕێگرتن لە شکستی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی لە ئەفغانستان.

ئەم ڕووداوانە وایکرد لە (٢٧ی ئازاری ١٩٧٩)، حەفیزوڵڵا ئەمینی سەر بە باڵی خەلق دەسەڵات بگرێتە دەست. کەسانی سەر بە پەرچەم کە ژمارەیەکی زۆر نەبوون لە حکومەتدا مابوونەوە دەستگیرانو لەسێدارەدران. ئەم هەنگاوانە وایکرد سۆڤێت بیربکاتەوە لە بەهێزکردنی هێزە سەربازییەکانی. ئەم بارودۆخە ملی کێشا بۆ ململانێی نێوان نور محەمەد ترەکیو حەفیزوڵڵا ئەمین لە ناو پارتی دیموکراتی خەلق داو کۆتایی بە غافڵکۆژکردنی نور محەمەد ترەکی لە (٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٩)هات، بە فەرمانی حەفیزوڵڵا ئەمین(Gul Khan:٢٠١٠,٥٦)، کە

دواتر تاوانی کوشتنی دوازده هەزار کەسی لە زیندانەکانی کۆمۆنیستەکاندا دایەپاڵ نور محەمەد ترەکی. دوای ئەم هەنگاوە، ئیدی حەفیزوڵلا ئەمین وەك سەرۆکی ڕەها ڕژێمی کۆمۆنیستی ڕاگەیەندرا (احمدی: ١٣٨٩، ١٩٥-١٩٦). ئەم ململانێیە لە کاتێکدابوو ئەو گروپ و هێزانەی دژی کۆمۆنیستەکان بوون تەواوی ئەفغانستانیان تەنیبوو جگە لە کابول(Gul Khan:٢٠١٠,٥٦-٥٧). ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە بڕیاری دەستێوەردانی سۆڤێت لە ئەفغانستان، زیاتر کاردانەوەبوو بەرامبەر ململانێی ناوخۆیی باڵی خەلق لە دوای کودەتاوە، تا پێشڕەویی نەیارانی حکومەتی کۆمۆنیستی خەلق(جیوستوزی: ١٦،١٣٨٦). بەتایبەت دوای پشتگوێخستنی داواکاریی سۆڤێت لە حکومەتی ئەفغانستان بۆ کەمکردنەوەی سیاسەتە ڕادیکاڵییەکانیان، لە ڕێگەی فراوانکردنی بنکەی سیاسی حکومەتی کۆمۆنیستی(Fenzel:٢٠١٣,٥٠). بارودۆخ ئاماژەبوو بۆ ئەوەی، کە ناوچەکە لە حاڵەتی گۆڕانکاریی ڕیشەیی دایە(احمدی: ١٣٨٩، ٩٤).

یەکێکی دیکە لە دەرئەنجامەکانی کودەتا، ئازادکردنی سەدان زیندان بوو لە سەرتاسەری وڵاتدا. ڕاپۆرتەکان ناوو ئەو تاوانانەیان باسنەکرد کە ئەو ئازادکراوانە پێی زیندانیکرا بوون، هەروەها ئەنجامێکی تری دوای کودەتا ئەوەبوو، کە بانگەشەی ئەوە دەکرا، حکومەت لایەنگری ئازادی ڕەهای ئاینی و ڕێزگرتنی قوڵی ئیسلام و پشتیوانی گەورەیە لەم بارەیەوە، هەرچەندە ئەم بانگەشانە، هاوساتی داخوازیی سڕینەوەی توندڕەویی ئاینیی(Arnold:١٩٨٥,٨٧) و ئایدۆلۆجی بوو، بەڵام لە واقیعدا هەندێك ئەندامی توندڕەوی باڵی خەلق سوکایەتیان بە ئاین دەکرد، بۆ نموونە، بەپێی سەرچاوە سۆڤێتییەکان لە یەکێك لە گوندەکان، کە لە سەرەتادا لایەنگری کودەتا بوون، دوو ئەندامی پارتی دیموکراتی خەلق ڕێگریانکرد لە خەڵکی گوندەکە لە مزگەوت نوێژ بکەن، بەوەش خەڵکی گوندەکە بوونە دووژمنی حکومەت(جیوستوزی:١٧،١٣٨٦-١٨)، چونکە ڕژێمی نوێ بە هەنگاوەکانی بە ئاشکرا مەبەستی بوو، کاریگەریی دەسترۆیشتوویی پیاوانی ئاینی سنوردار بکات(طنین: ١٣٨٤، ٢٣٩) و دواتر هەر بە بنەوە ڕیشەکێشی بکات، لەم دیدگایەوە، هەندێك لە ڕابەرانی هۆزو عەشایرەکانو پیاوانی ئاینی باوەڕی قوڵیان بەوەبوو، چاکسازییەکان بۆ چارەسەری کێشەکان نییە، ئەوەندەی ئامانج لێی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاینی ئیسلامە(طنین: ١٣٨٤، ٢٤١-٢٤٢). هەر بۆیە (قازی محەمەد ئەمین وقاد) یەکێك لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی ئاماژە بەوە دەکات، دوای کودەتای ثور کۆبوونەوەی زانایانو کەسایەتییە دینییەکان ئەنجامدرا لە پاکستانو دوای گفتوگۆ بە کۆی دەنگ بڕیاریاندا دژی ڕژێم دەست بکەن بە چالاکی و تێکۆشان. هەتا کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمیەکانیش لە تاو گرتن و کوشتن هەڵاتن و ئەفغانستانیان جێهێشت و بە نەیارانی ڕژێمی کابولەوە پەیوەست بوون، هەتا لەوڵاتانی دەرەوەش بۆ ئەو مەبەستە ڕوویان دەکردە پاکستان. بۆیە ڕیزی نەیارانی خەلق تادەهات فراوانتر دەبوو(طنین:٢٥٢،١٣٨٤-٢٥٥؛ Jackson: ٢٠٠٩,٧). ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەو ترس و تۆقاندنانەی لەژێر چەتری دەسەلاتدا ئەنجامدەدرا، زۆرێك لە ڕێبەرە دیارە ناوچەییەکانی لە نێویاندا پیاوانی ئاینی و خاوەن زەوی یەکان دەستگیردەکردنو بێ دادگایی لە سێدارە دەدران. ژمارەیەك لەو کەسایەتیيانە بێسەروشوێنکران، ئەمە بووە هۆی نارەزایەتی و ڕووکردنە دەستدانە چەك دژی دەسەلات بە شێوەیەکی فراوان(Fenzel:٢٠١٣,٤٧). هەروەك محەمەد موسا توانا، یەکێك لە بونیاتنەرانی بزوتنەوەی ئیسلامی(جنبش اسلامی) ڕوونی دەکاتەوە، کە کۆمۆنیستەکان :»دووربین نەبوونو وایان بیردەکردەوە، کە لە ئەفغانستان لەوە بەدواوە ناوی ئیسلام کۆتاییدێت. ئەوان لەخۆبایی بوونو پیرۆزییەکانی ئیسلامیان خستە ژێرپێیانەوە»(طنین: ١٣٨٤، ٢٤٥). لەلایەنی ئایۆلۆجییەوە ژینگەی ئەفغانستان بۆ فکرەی کۆمۆنیستی گونجاو نەبوو، لەم ڕووەوە تێبینی دەکەین هەوڵەکانی ڕژێمی کۆمۆنیستی بۆ پڕکردنەوەی ئەوەی لە دیدگای کۆمۆنیستەکانەوە پێی دەوترا بۆشایی ئایدۆلۆجی، کە بە تەقلیدی ئاینی پتەو سیخناخ کرابوو، سەرکەوتوو نەبوو (Fenzel:٢٠١٣,٤٨)، لەبەرئەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تەواو سوننەتی و پەیوەست بە ئاینیی ئیسلام و پەیوەندی پتەوی ڕۆحانی-دەرەبەگ لە دێهاتەکاندا، لەپاڵ ئاستێکی زۆر نزمی خوێندەواریی لەنێو کۆمەڵگەدا، کە لە هەندێك ناوچەدا بۆ خاڵی سفریش دادەبەزی، هەر لەسەرەتاوە مۆری شکستی لە هەنگاوە بەپەلەکانی ڕژێمی خەلق دا، ڕاستی ئەم تێڕوانینە تێبینی دەکەین، کاتێك سەرنجی شکستی کارکردنی سۆڤێتیش بدەین لەو ڕووەوە، کە نەیتوانی بەسەر ئەم بەربەستەدا سەربکەوێت.

لە ڕاستیدا ڕژێمی خەلق بە چاکسازییەکانی دەیویست ئەفغانستانی کۆن نابوت بکات(طنین: ١٣٨٤، ٢٤٥) و سیستمی سوننەتی ئەفغانستان لە ڕیشەوە لەنێوبەرێت، بەڵام نەیتوانی لەوەدا سەرکەوتووبێت و ڕەوایەتی بە هەنگاوەکانی خۆی بدات لە لای خەڵکی ئەفغانستان، ئەمەش

کۆمەڵگەی ئەفغانستانی شێواند و تۆفانێك نارەزایەتی بەدوای خۆیدا هێنا (پهلوان: ١٣٧٧، ١٣٦). لەمەشدا توندرەویی و زێدەڕەویکردن لە کردەی چاکسازیی و رەچاونەکردنی سوننەت و داب و نەریتی خەڵك نارەزایی فراوانی لە نێو گروپە جیاوازەکانی خەڵکی ئەفغانستان هێنایە کایەوە، کەمئەزمونی و کورتبینی رژێم سەرچاوەی ئەم نارەزایەتیانە بوو. بە قسەی محەمەد موسا توانا:» فریوی سۆڤێتیان خوارد... ئەزمونی تەواویان نەبوو، دووربین نەبوون»(طنین: ١٣٨٤، ٢٤٥). واتە رەوایەتی بونیادە سوننەتییەکانی وڵاتیان هەڵتەکاند، بەبێ ئەوەی بتوانن هۆکارەکانی رەوایەتی بۆ بونیادی فەرهەنگی نوێ فەراهەم بکەن (پهلوان:١٣٧٧،١٣٥)، کە پشت بەستوو بێت بە بەها رەسەنەکانی کۆمەڵگەی ئەفغانی.

لەسەر ئاستی دەرەوە، سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی خەلقی ئەفغانستان سەرنجی جیهان و وڵاتانی رۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکای بۆ ئەفغانستان راکێشا و رووداوەکانی دوای کودەتا لەلایەن راگەیاندنە نێودەوڵەتییەکانەوە زیاتر بایەخی پێدرا، ئەم دۆخە بەخێرایی کاردانەوەی دژایەتی گۆڕینی رژێم لە ئەفغانستان، وێنای قەیرانێکی نێودەوڵەتی بەخشییە دۆزی ئەفغانستان و لە ئەنجامدا بارودۆخەکە بە تەواوی چ لە دەستی هێزە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی نوێ و چ ئەو هێزانەی ئۆپۆزسیۆن بوون، دەرچوو (جیوستوزی: ١٣٨٦،٩). فراوانبوونی شەپۆلی نارەزایەتی و تێکۆشان بەرامبەر حکومەتی کۆمۆنیستی، ببووە هۆی ئەوەی تاکو پێشەوایانی سیاسی بە هۆی رووداوە سیاسییەکانەوە دەستی کۆمەك بۆ وڵاتانی تری وەك پاکستان و ئێران درێژبکەن و دەستی ئەو وڵاتانە و تەواوی هێزە دوور و نزیکەکانی کردەوە بۆ دەستێوەردان لە ئەفغانستان بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی کۆمۆنیزم (وفایی زاده و دیگران: جدی ١٣٩٥ خورشیدی،٢٢).

لە راستیدا یەکێك لە دەرئەنجامە مەترسیدارەکانی کودەتا، نزیکبونەوەی زیاد لە رادەی کۆمۆنیستەکان بوو لە سۆڤێت، تارادەی ئەوەی ببوونە نیمچە بۆکەڵەیەکی دەستی سۆڤێت(Rubin: ١٩٨١,٣١٤). ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لاوازی حکومەتی حکومەتی کابول لە ئیدارەدانی بارودۆخ، ببووە هۆی ئەوەی سۆڤێت سوپای سور بۆ هێشتنەوە و رزگارکردنی حکومەتی چەپگەرای کابول بنێرێتە کابول(وفایی زاده و دیگران: جدی ١٣٩٥ خورشیدی،٢٢). بۆ نموونە، لە نزیکەی(١٠) هەزار ئەندامی باڵی خەلق لە ( ١٩٧٨-١٩٧٩) کوژران. لە کۆتایی (١٩٧٩)دا،(٦-٧) هەزار ئەندام لە(١٨) هەزار ئەندام یان کوژرابوون یان تیرۆرکرابوون. لە کۆی (١٨) هەزار ئەندامی باڵی خەلق و (٢٨) هەزار ئەندامی نوێ، کە لە کودەتاوە تا هێرشی سۆڤێت ببوونە ئەندامی خەلق، نیوەیان کوژرابوون (جیوستوزی:١٣٨٦،١٦-١٧) لە شەڕو ململانێ ناوخۆییەکاندا. ئاکامەکەشی رەوانەکردنی (٨٠) هەزار سەربازی سۆڤێتی بوو بۆ ئەفغانستان(گروموف:بدون سال چاپ، ٨٠ بەدواوە) و دروستکردنی حکومەتێکی تەواو ملکەچی سۆڤێت، هەروەها سەرکوتکردن و ملکەچپێکردنی بەرگریی ئیسلامی و نەتەوەیی ئەفغانستان لەلایەن کۆمۆنیستەکان (Rubin:١٩٨١,٣١٤-٣١٥). ئەم پرۆسەی داگیرکارییە بۆ تێپەڕاندنی بێتوانایی ئەو گۆڕەپانە داگیرساوەبوو، کە حکومەتی پارتی دیموکراتی خەلق نەیدەتوانی ئیدارەی بکات و سۆڤێتیش بە ئەرکی خۆی دەزانی رێگە بگرێت لەوەی ئەمریکا و رۆژئاوا ئەو فەوزایە بقۆزنەوە بۆ ئەوەی رژێمێکی ئەنتی سۆڤێتی بێنێتە سەر دەسەڵات(Fenzel:٢٠١٣,٤٨). وەها هەنگاوێکی مۆسکۆ نەك کۆمەکی بارودۆخی نەکرد، بگرە بارودۆخی سیاسی ئەفغانستانی ئاڵۆزترکرد و کێشەی ئەفغانستانی کردە مەلەفێکی نێودەوڵەتی و ئاڵۆز(وفایی زاده و دیگران:جدی ١٣٩٥ خورشیدی،٢٢) و هەستیاری جەنگی سارد دوای جەنگی ڤێتنام.

داگیرکردنی ئەفغانستان، بۆ ئێران و وڵاتانی کەنداو و ئەمریکا، هەڕەشە و مەسجی جیۆپۆلەتیکی گەورەی لەگەڵ خۆی پێبوو. لەلایەك ئەم داگیرکارییە هەنگاوێك بەرەوپێشچوونی سۆڤێت بوو بەرەو کەنداوی فارس و هەنگاوی دووەم بوو بۆ گەیشتن بە ئاوەگەرمەکان لە رێگەی بلوچستانی ئێران و پاکستانەوە. لە لایەکی ترەوە، ئەم هەنگاوەی مۆسکۆ بنکە و دەسپێکێك بوو بۆ رووبەڕووبونەوەی شۆڕشی ئێران و مەترسییەکانی لەسەر ناوچە موسڵماننشینەکانی هاوسنوری ئێران، بێگومان ئێرانیش نەیدەویست بەرەی رۆژهەڵاتی پشێوی و نادڵنیایی تێدا دروستبێت، لەکاتێکدا بەرەی رۆژئاواوی داگیرسابوو بە ئاگری ململانێ. هەربۆیە دژی داگیرکاریی وەستایەوە و پشتگیری ماددی و مەعنەوی سەربازیی ئەفغانییەکانی کرد و خوازیاری بێ مەرجی کشانەوەی سۆڤێت بوو(نظری و زهی: زمستان ١٣٩٥، ٤٨). هەروەك پاکستان و ئێرانیش بوونە دوو بنکەی کۆبوونەوە و چالاکی نەیارانی رژێمی کابول (طنین: ١٣٨٤، ٢٦٤)، بێگومان بە پشتیوانی دارایی و چەك و هەواڵگریی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ڕۆژئاوایی بەتایبەتی ئەمریکیو دارایی وڵاتانی ئیسلامی لە پێش هەموویانەوە، سعودییە. بە کورتی تێدەگەین بە لای زۆربەی وڵاتانی هەرێمیو نێودەوڵەتییەوە، کودەتای ١٩٧٨ی ئەفغانستانو لێکەوتەکانی، کە بە داگیرکاریی سۆڤێت لە ساڵی دواتر گەیشتە لوتکە، مەترسیەیەکی جدیی بوو، لە هەمان کاتیشدا دۆخی ناوچەکەی تێکداو هێڵی گەرمی هاریکاری لە نێوان وڵاتانی هەرێمیو نێودەوڵەتی لێوە دروستبوو، بە نموونە، لە نێوان ئێرانو پاکستانو لە نێوان ئەمریکاو وڵاتانی ئیسلامی لەلایەکی ترەوە. هەموو ئەم سیاسەتانەش شوێنکەوتەی سیاسەتەکانی جەنگی ساردبوو، کە زیاتر بۆ بەرگرتن بوو بە کشانی کۆمۆنیزمو کردنە زەلکاوی ئەفغانستان بۆ سوپای سوور، وەك ئەوەی بۆ جێگیریو ئاشتی بێت لەو وڵاتە(وفایی زادە و دیگران:جدی ١٣٩٥ خورشیدی،٢٢). بە کورتی تێدەگەین لێکەوتە نێوخۆیی و ناوچەییەکانی کودەتای ثور ئەنجامی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگای ئەفغانستان جێهێشت و زیاتر لەوەش ئەفغانستانی کردە گۆڕەپانێکی داگیرساوی هەمیشەیی پڕ ململانێ، کە بە ئێستاشەوە کاریگەرییەکانی ئەو تێکچونەی بارودۆخی ئەو وڵاتە هێشتا ڕەهەندە نێودەوڵەتی و هەرێمی لە ڕەهەندی نێوخۆیی کاریگەریی خراپترە بۆ سەر ئەفغانستان.

## ئەنجام:

-خودی کودەتای محەمەد داوود خان لە ١٩٧٣ و ئەو بارودۆخی سەرکوتکاریی و ناڕەزایەتییەی دژی بنەماڵەی پادشایەتی ئەفغانستان باڵی بەسەر گۆڕەپانی ئەفغانستاندا کێشابوو، زەنگی مەترسیداری دەسپێکی قۆناغێکی نوێ بوو. قۆناغێك هاوتەریب بوو بە داڕووخانی ئابووریی و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی ئەفغانستان و داخراوی فەرهەنگ و دابەشبوونی توندی هۆزایەتی، هەربۆیە کودەتایەکی سپی ئاشتیانە کۆتایی بە سیستمی پادشایەتی هێنا.

- هەوڵدانی محەمەد داوود خان و زیادبوونی چالاکی نەیارانی دەسەڵاتەکەی و بێ توانایی لە چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و سەرکوتکردنی حیزبی گەلی کۆماری و بێبەشکردنیان نەك لە دەسەڵات، بگرە گرتووخانەکانی لێپڕکردن. سوپای ئەفغانستانیش سیخناخ بوو بە کەسانی بێ تواناو زۆر گرنگیان بە چالاکی نهێنی کۆمۆنیست نەداو حسابیان بۆ نەکردبوون. هەربۆیە کودەتایەکی سەربازی بنەماڵەی داوود خانی لە دەسەڵات لادا کە ناسرا بە کودەتای (ثور) لە ١٩٧٨و بۆ یەکەم جار پارتێکی کۆمۆنیستی واتە پارتی دیموکراتی خەلقی ئەفغانستان دەسەڵاتی گرتە دەست.

-پرۆسەی کودەتا لە ٢٧ی نیسانی ١٩٧٨ لە کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی بە پێی پلانێك لە لایەن حەفیزوڵا ئەمین ئامادەکرابوو و لە لایەن(محەمەد ئەلم وەتەنجار) لە هێزی زەمینی و(عەقید عبەدولقادر) لە هێزی ئاسمانی جێبەجێکراو توانیان لە هەمان ڕۆژدا دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن. هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتادا ململانێ لە نێوان باڵی پەرچەم و خەلق لە نێو دەسەڵاتدا دروستبوو، کە بە پاکسازی پەرچەمیەکان و کوشتن و گرتن و دورخستنەوەیان کۆتاییهات. هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتاوە سۆڤێت بە گەرمی پێشوازی لە کودەتاکرد و لەسەر هەموو ئاستەکان بەرەو ئەفغانستان هەنگاوی نا، بەڵام وڵاتانی ڕۆژئاوایی سەرەڕای داننان بە کۆماری نوێی ئەفغانستان، ترسی خۆیان لە هەژموونی سۆڤێت و دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیزم لە ئەفغانستان نەشاردەوە.

- هەر لە دەسپێکی سەرکەوتنی کودتاوە، پرۆسەیەکی توندی بەکۆمەنیستکردنی دامودەزگاو کۆمەڵگای ئەفغانی دەستپێکرد، لەوپێناوەدا ڕشبگیری و سەرکوتکردنی نەیارانی سیاسی و حیزبە ئیسلامییەکان بەتایبەتی و ڕۆشنبیرو کەسایەتییە سیاسی و ئەکادیمییەکان، لە سیمادیارەکانی ئەو قۆناغەبوو. هەربۆیە دیکتاتۆریەتێکی سەرکوتکاری تاکحیزبی هاتەکایەوە، کە بنەمای هەڵتەکاندنی سیستەمی سونەتی کۆمەڵگەی موسڵماننشینی ئەفغانستانی کردە کاری لەپێشینەی و بەمەش شەپۆلێك ناڕەزایەتی لە سەرجەم ناوچەکان هێنایەئاراوەو زۆرینەبرد بە کودەتایەکی تر باڵی خەلقی سەر بە حیزبی دیموکراتی خەلق لە دەسەڵات وەلانران و هێرشی سۆڤێتی بۆ سەر ئەفغانستانی بە دوای خۆیداهێناو تۆفانێکی لە مێژووی ئەفانستان و ناوچەکە لێکەوتەوە، بە ئێستاشەوە کاریگەرییەکانی بەردەوامی هەیە.

## لیستی سەرچاوەکان:


### یەکەم: نامەی زانستی:

١/ تێزی دکتۆرا:

أ: بە زمانی کوردی:

- صالح ، گۆران ابراهیم(٢٠١٩): ململانێی ئەمریکا-سۆڤیێت لە ئەفغانستان و کاریگەریی لەسەر ستراتیژی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا( ١٩٧٩-١٩٨٩)، تێزی دکتۆرایە پێشکەشی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ بەشی مێژوو کراوە، زانکۆی سلێمانی، (بڵاونەکراوە).

**ب: بە زمانی ئینگلیزی:**

- Gul Khan, Imtiyaz(2010): Afghan Wars and their Impact on Rural life (19th-20th) century, submitted in partial fulfillment of the requirements for the degree of Doctor of Philosophy in History to University of Kashmir, Center of Central Asian Studies University of Kashmir, Srinagar.
- Fenzel, Michael R.( 2013): The Failure of Soviet Decision Making in the Afghan War 1979-1989, Doctoral Dissertation, Naval Postgraduate School, Monterey, California.(No Published)
- Khalid, Mohammad(1986-87): Afghanistan and the Super Powers since 1945,Thesis Submitted to the Aligarh Muslim University for the award of the Degree of Doctor of Philosophy in Political Science, Department of Political Science/ Aligarh Muslim University, Aligarh (India).

**٢/ نامەی ماجستێر:**

- احمدی، نجیب الله(٢٣٩١): تاریخچه مختصر سرمایه گذاری در افغانستان، پایان نامه دوره لیسانس، وزارت تحصیلات عالی، پوهنتون کابل/ پوهنحی روانشناسی و علوم تربیتی، افغانستان.

### دووەم: کتێب:

١/ بەزمانی فارسی:

- جیوستوزی، آنتونیو(١٣٨٦): افغانستان; جنگ، سیاست و جامعه(١٣٥-١٣٧١)، ترجمه: اسدالله شفایی، چاپ اول، ناشر محمد ابراهیم شریعتی افغانستانی (عرفانی)، تهران.
- روا، اولیور(١٣٦٩): افغانستان (اسلام و نوگرایی سیاسی)، ترجمه: ابوالحسن سروقد مقدم، مؤسسه چاپو انشارات آستان قدس رضوی، چاپ اول، ایران،.
- گروموف، ب.( بدون سال چاپ): ارتش سرخ در افغانستان(خاطرات قوماندان عمومی قوای روسی در افغانستان)، ترجمه: عزیز(اریانفر)، انتشارات (AFGHAN-ASSOCIATION Germany)، بدون جاه.
- احمدی، حسین (پدید آور)( ١٣٨٩): تحولات منطقه ای افغانستان، چاپ اول، مؤسسه مطالعاتعات تاریخ معاصر ایران، تهران.
- پهلوان، چنگیز(١٣٧٧): افغانستان ( عصر مجاهدین و برآمدن طالبان)، چاپ اول، نشر قطره، تهران.
- رستم(١٣٦٣): سیاست خارجی و روابط بین المللی جمهوری دموکراتیك افغانستان، مطبعه حزبی، کابل.
- نشاط، زلمی ، عرفانی، محمد و محمدی، عبدالاحد(١٣٩٦): راه دشوار مردم سالاری در افغانستان( ارزیابی و نقد گفتمان های ملی

پیرامون نظام های سیاسی بدیل در افغانستان)، انستیتوت مطالعات استراتیژیك افغانستان، كابل.
- سنگلاخی، سید علی موسوی (دکتر)( ١٣٨٨): تاریخ تحلیلی افغانستان از ظاهرشاه تا کرزی، چاپ اول، مطبعه بلخ، کابل.
- ربنتیا، سید قاسم(١٣٣٦): افغانستان در قرن نزده، چاپ دوم، انجمن تاریخ افغانستان/ دولتی مطبعه، افغانستان.
- اخوان، صفا (گردآورده)( ١٣٨٠): تاریخ شفاهی افغانستان( ١٩٠٠-١٩٩٢ میلادی)، مرکز چاپ‌و انتشارات وزارت امور خارجه، چاپ اول، تهران.
- قندهاری، طالب محمد حسین(١٣٦٢): نگاهی به دیروز و امروز افغانستان، چاپ دوم، ناشر کتاب ح-ر- مهاجر غزنوی- چاپ پیوند، افغانستان.
- طنین، ظاهر(١٣٨٤): افغانستان در قرن بیستم( ١٩٠٠-١٩٩٦)، چاپ دوم، ناشر محمد ابراهیم شریعتی افغانستانی (عرفانی)، تهران،.
- وفايي زاده، محمد قاسم (دکتر)، کریمی،حسین علی و ابراهیمی، غلام رضا(جدی ١٣٩٥ خورشیدی): بررسی گفتگوهای صلح در افغانستان در چهار دهه گذشته، انستیتوت مطالعات استراتژیك افغانستان(AISS)، كابل،.
- حقجو، میر آقا(١٣٨٠): افغانستان و مداخلات خارجی، چاپ اول، انتشارات مجلسی، قم.

### ٢/ به زمانی ئینگلیزی:

- Arnold, Anthony(1985): Afghanistan: The Soviet Invasion in Perspective, Hover Press Publication, Stanford.
- Jackson, Ashley(2009): THE COST OF WAR; Afghan Experiences of Conflict, 1978 – 2009, Report Published by Oxfam International, No Place.
- Rubin, Barry(1981): Paved With Good Intentions; The American Experience And Iran, Published in Penguin Books, New York and London.
- Amstutz, J.Bruce(1986): Afghanistan; The first Five years of Soviet Ocupation, National Defence University Press, Washington DC.
- Cordovez, Diego and Harrison, Selig S.(1995): Out of Afghanistan; The Inside Story of the Soviet Withdrawal, Oxford University Press, New York.

### سێیەم: گۆڤارەکان:

- برجیان، حبیب(تابستان ١٣٨١): سرگذشت افغانستان به روایت پرچم، مجله نامه‌پارسی، س٧، ش٢.
- نظری، علی اشرف و زهی، ناصر یوسف(زمستان ١٣٩٥): نظریه‌ی پخش و بازتاب های انقلاب اسلامی ایران بر افغانستان، فصلنامه پژوهش های انقلاب اسلامی، انجمن علمی انقلاب اسلامی ایران، سال پنجم، شماره(١٩).

**چوارەم**

**: سایتی ئەلیکترونی:**

۱/ بە زمانی فارسی :

-رادیو آزادی آفغانستان(۷ ثور ۱۳۹۸): عوامل کودتا بالای رئیس جمهور سردار محمد داوود خان چه بود؟، چهارشنبه، برگرفته در (۲۲ نیسان ۲۰۲۰) از ویب سایت:

<<https://da.azadiradio.com/a/۲۹۹۰۳۰۲۵.html>>.

- تدینی، مهدی(۱۸ شهریور ۱۳۹۹): قصه تلخ کودتاهای افغانستان که فراموش شدند!، برگرفته در (۲۲ نیسان ۲۰۲۰) از ویب سایت:

<< http://irdiplomacy.ir/fa/news/1995068/ قصه-تلخ-کودتاهای-افغانستان-که-فراموش-شدند>>.

**۲/ بە زمانی ئینگلیزی:**

-No Author(17 March 2009): Remains of Afghan leader buried, published in, drawn from the website: <<http://news.bbc.co.uk/2/hi/south_asia/7947659.stm>> accessed in (11 March 2020).

-No Author(12 April, 2004): The «Great Saur Revolution», , drawn from the website: <<https://www.workersliberty.org/node/1935>> accessed in(7 march 2020).